# دەشتەکەی گەرمیان

# دەشتەکەی گەرمیان

فەخرەدین گەرمیانی

ناوی کتێب: دەشتەکەی گەرمیان
بابەت: شیعر
نووسەر: فەخرەدین گەرمیانی
تایپ: نووسەر
چاپ: چاپخانەی تاران
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٤
تیراژ: ٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (    ) ی ساڵی ٢٠٢٤ ی پێدراوە

ئازیزان وەک دەبینن پێشەکی ئەم دیوانە لە لایەن کۆچکردوو پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدارنووسراوە ئەو پێشەکییە جوانەش بۆ دیوانە کۆنەکەم ژریژەی شەپۆلەکانی ڕۆخانە نووسراوە لەساڵی ١٩٩٨ و ئەم دیوانەش تازەکردنەوەی کۆنەکەیە و چەندین هۆنراوەی نوێی بۆ زیاد کراوە لەبەر خۆشەویستیی بۆ ئەو کەڵە نووسەرو زانایەی گەلەکەمان پێمخۆشبوو بە هەمان ئەوپێشەکیە دووبارە چاپی بکەمەوە، دروود بۆ گیانی پاکی پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار.

**پێشکەشە بە:**

– دایکم، کەفێری کردم چۆن بگریم وپێبکەنم وهەموو کەسێکم خۆش بوێ

– باوکم، کەفێری کردم چۆن خۆڕاگربم لەژیاندا.

گیانی هەموو قوربانیانی (ئەنفال) کە تا ئێستا بێسەرو شوێنن.

## پێشەکی:

**دوکتۆر مارف خەزنەدار**

فەخرەدین ئەوەندە هۆگرو گیرۆدەی (گەرمیان)بووە، سەرانسەری بەرهەمی شیعری خەریکی مانای گەرمیانە، لەبەرئەوە نەیویستووە تەنیا بەناوەرۆک گەرمیانی بیت بەڵکو بەناویش (گەرمیانی) بۆخۆ هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بەناوو ناوەڕۆک گەرمیان بێ، بۆیە ئەم کۆمەڵە شیعرە بووە بەوێنەی زادەی بیرو خەیالی شاعیرێک شانازیی بە گەرمیانی کوردستان دەکاو بە (فەخرەدین گەرمیانی) خۆی بەخەڵکی ناساندووە.

لەرووی روخسارەوە ئەم کۆمەڵە شیعرە ئێستگەییێکی گرنگی لەئەدەبی کوردیدا بۆخۆی دیاریکردووە. شیعرەکان دەچنە ڕێزی ئەو جۆرە بەرهەمە شیعریانەی لەنێوان شیعری میللی (شیعری شەعبی سەرزاری یا نووسراو) و شیعری لاسایی کلاسیکی دەوەستن. ئەم بابەتە شیعرەلەرووی ئاسانی دروستکردنی رستەو لەبەکارهێنانی ووشەی مانا ئاشکرا لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە لەو جۆرە شیعرانەن مانایان بەخۆیانەوەیە، واتە لەسەرەوەو دیارن، ژێرەوەو نهێنیان تێدا نیە، دەچنە ناو شێوازی ئاسان ومانا ئاشکرا لەنووسینی شیعردا.

لەرووی ناوەڕۆکەوە، لەبەرهەمی هەموو شاعیرێک دا، هەر مەبەسێک بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بێ ناتووانێ مەبەستی ئەڤینی و خۆشەویستی و دڵداری لێدوور بخەینەوە، بەتایبەتی فەخرەدین گەرمیانی . بەڵام لەگەڵ دڵدارییەکە سەودای سەرەکی لای شاعیر کوردایەتی یە. ئەمە نموونەی یەکەمی گەورەیە، بۆ روون کردنەوەی نموونەی ناوەنجی، بچووکی دروست کردووە، ئەمەش لە (گەرمیان)دا دەبینێت. واتە (کوردایەتی) لەگەڵ گەرمیانەتی تێکەڵ کردوە، لەولاشەوە دڵداری هێناوە (بەتایبەتی کچی کورد) سێ کوچکەی گەردوونی لەمانە دروست کردووەو هەناسەیێکی سۆفیزمی داوەتێ.

فەخرەدین گەرمیانی مەسەلەی سۆفیزمی بەدەور کردنەوەیێکی میللی و شەعبییانە لێکداوەتەوە، پەنای بۆ دەروێشایەتی بردووە، ئەمەی لەشێخ عەبدولقادری گەیلانی بەدی کردووە، چونکە، دەوروبەری لە شێخ ودەروێش ومرید بە (قادری) ناو دەبرێن.

گەرمیانی لەساڵی ١٩٥٣ لەقادرکەرەم لەدایک بووە، چاوی بەتەکیەی شێخ عەبدولکەریم هەڵهاتووە، لەنێوەندێکی ئەدەبی رەسەنی کوردی (کرمانجی خواروو) لەقادرکەرەم ژیاوە،پێوەندی لەگەڵ دەروێشی قادری خەڵکی قادر کەرەم

بووە، ئەم کابرایە هاندەرێکی کاریگەربووە بۆ تەقینەوەی خەیاڵی شیعرو مشتومال کردنی چێژی ئەدەبی .
گەرمیانی لەشیعرە تازەکانیدا، شیعری کێش وقافیەی رەنگاو رەنگەکان دا توانیویەتی لەسەرپێ بوەستێ، بۆی کراوە شیعری تازە بگەیەنێتە پلەییێک لەگەڵ سەردەم بگونجێ، بژارێکی سەرپێیی ئەم کۆمەڵە شیعرە هەندێ راستیمان بۆ دەخاتەڕوو، لەم لایەنەوە لەشیعری (نەورۆز)دادەلێ:

**ئەگەر نەورۆز لەساڵنامە دەربهێنین**
**دڵنیابن تەمەنی ئێمە هەر شەوە**
**چونکە نەورۆز یەکەم خۆری دوای دەیجوورە**
**یەکەم گوڵی سووری غەم و تارای سپی**
**خاتوو زین و یەکەم پەڕەی، سەر شەپۆلی**
**فەرهەنگێکی پڕ لە نوورە**

شاعیر هیوای بە(نەورۆز) هەیە، ئەگەر نەتەوەی کوردی خاوەن (نـەورۆز) خاوەنی خۆی بووایە،پێم وایە نەورۆز دەبوو بەجەژنی تەنیا خۆشی و شادی، بەڵام ئێستا لاییێکی شینە. رۆژی یادکرنەوەو دانانی بەرنامەو پیلانە لەپێناوی ئەوەی خاوەنی (نـەورۆز) ببێتە خاوەنی خۆی. لەشیعری (فەرهەنگی ووشە) دا دەلێ:

**ئەوەی کورد بێ لەفەرهەنگی ووشەی پاکا**
**نەخۆشەویست نەکوردستان نە نەورۆزی لەبیر ناکا**

شاعیر(نەورۆز) بەهەمیشەیی و زیندوو و نەمر دادەنێ، چونکە لەوکاتەی خاوەنی نەورۆزدەبێتە خاوەنی خۆی لەو کاتەدا ناوی (نەورۆز) وون نابێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە یاد کردنەوەی پڕ سۆزتر دەبی. چونکە بەڵگەو دروشمی خەڵک و خاکەکەیە.

لەشیعری (پاییز) دا شاعیر ئەستووری بیروڕای لای (خاکە) خۆڵی ئەم هەموو زەوییەی ئێمە ماددەیەکی دیاریکراوە، بەڵام لەهەر جێیەک خۆی بەجۆرێک دەنوێنی. لای ئێمە کە هێشتا تاپۆمان بەدەستەوە نییە وای دەبینین وەکو ئەوەی گەرمیانی دەڵێ:

**نمە نمی نەرمی باران**
**بۆنێ خۆڵ و یاران و با**
**هێندە لام خۆش بوو بە پاییزان**
**ئەگەر مردووش بۆی کردایە**
**لەخۆشیا گۆڵی ئەگرت**
**وەک گوڵە باغ گەڵای ئەگرت**
**وەکو قەزوان**

ئەم شیعرانە وەک نۆبەرەیەک جێی خۆیان لەناو دیوانی شیعری تازەی کوردی دەکەنەوە. پڕ بەدڵ سوپاسی فەخرەدین گەرمیانی دەکەم بۆ ئەو ڕێزلێنانەی نەمتوانی وەرینەگرم و بووە هۆی نووسینەوەی ئەم چەند دێڕە. سەرکەوتنی بۆ دەخوازم و خوێنەری کورد زیاتری لێ داوا دەکا.

**مارف خەزنەدار**

ڕۆژی نەورۆز

٢١ ی مارتی ١٩٩٨

# دەشتەکەی گەرمیان

چەند ئارەزوومە رۆژێک لەرۆژان
بگەڕێمەوە دەشتەکەی گەرمیان
بەچاو ببینم باخەکەی کووره
پڕی لەگوڵە و سێوە لاسووره
تێر بیخۆمەوە لە ئاو رۆخانە
بنووم لەسێبەر شاخی رەشانا
بڕوانم بۆ دەشت بێلان و شاخ زەرد
کە رازاوەیە بەگوڵی بێگەرد
لەگەڵ دۆستانم بەرەو ئەو هەردە
هەردەی قالەولان هەڕانە مەردە
تەپکە نانەوەو سەیرانی بەهار
بۆ دانیشتنی نێو باخ وگوڵزار
بۆ هەردەو لووتکە سەر یاڵ وسەر ئاو
جیگەی ڕاوە سوێسک بۆ دانانی داو
سواری و رمبازێ کاتی بووک هێنان
نیشان شکاندن دەمی ئێواران
بۆیەکگرتنی گشت براو دۆستان
دووزەلەو شمشاڵ شەوانی زستان

چــریــکــه دەنــگ خــۆش چــڕیــنــی قــەتــار
خــورشــیــدی و خــاوکــەر تــەنــکــەو لانــکــدار
دەنــگ حــەســەن ئــایــش نــەزەر بــەشــمــشــاڵ
ئـــەتـــخـــەنـــه دەریـــای بــێــبــنــی خــەیــاڵ
بــبــیــنــم دیــســان کــچــه گــەرمــیــانــی
بـــەلـــەنـــجـــه ئـــەڕۆن بـــەرەو لای کــانــی
گـەر جـارێـکـی تر پێت شاد بم گەرمیان
نــوێ ئـــەبـــێـــتـــەوە شـــاد ئـــەبـــێ ژیـــان
ئـــەبـــێ خـــوا بـــکـــات رۆژێــک لـــەنـــاکـــاو
ئـــەمـــانـــەی ووتـــم بـــیـــبـــیـــنـــم بـــەچـــاو
گـەرمـیـان لـەدووریـت ژیـنـم پـڕ ئـێـشـه
پـــڕ لـــەنـــاســـووره وپـــڕه لـــەکـــێـــشـــه

١٩٨٧/١١/١٥

هەولێر

١٩٨٧/١٢/١٢ لـەئـێـزگـەی کـوردی بـەغـداوه بـەدەنـگـی خـۆم بـڵاوکـرایـەوە لە بەرنامەی دگـەڵ گـوهـدارا لەئامادە کـردن و پێشکەشکردنی مامۆستا جەمال بەرواری .
١٩٨٩/٢/٢٠بـڵاوکـرایـەوە لەرۆژنامەی هاوکاری ژمـاره ١٠٥٢ لاپەڕە ٦ ئەدەب و رۆشنبیری .

## سوێند

قــەســـەم، بــەخـــاڵ و بـــەبـــاڵاو دەنـــگــت
بـەپـەنـجـەو گـەردن و بـەشـێـوەو رەنـگـت
بـــەئـــەشـــک و بـــزەت بـــەچـــاوی مـەنگت
قـەسـەم بـەپـرچ و بـەخـونـچـەو تـاڤـگـەت
سـوێـنـد بـەکـەنـاریـی دەمـەکـەی تـەنـگـت
بـــەوانـــەی ووتـــم، بـــەهـــەمـــووی قـەسـتـەم
تـــۆ ئـــەو ئـــاگـــرەی هـــەروا بـەئـەسـتـەم
بـــەربـــوویـــتـــە نـــاخ و دێـــهـــاتـــی خـــەون و
پاوانی جەستەم

قادرکەرەم
١٩٧١/١١/٧

## سوجدە

گەر ئێستاکەش ڕێگات نییە بگەیتە لام
دەسا گیانە پاش مردنم سەرم لێدەو
داگیرسێنە، گڕی چرام
گەر وا ڕێکەوت پێش هاتنت
کێلی گۆڕم داخزاوەو
لەڕاوەستانی کەوتووە
باش بزانە ئەوە رووحمەو
سوجدەی بۆ بالأت بردووە.

قادرکەرەم
١٩٧١/٣/٥

## بێزاری

بێزارم
له گوڵ، لەسەیر کردن
لەقووڵی ئاسمان
له شەپۆڵ
لەدەنگ
لەخۆم
لەکردەی ئینسان
بێزارم لەبوون
لەئاو
لەبا
چونکه کوردستان دابەشه
تارای بووکێنێکەی رەشه

١٩٧٢/١١/٢٥
قادرکەرەم

## کەسەکان

یەکێک لەشەپۆڵی چاوا
لەشەوی پرچێکی خاوا
یەکێک لەچۆڕی شەرابا
یەکێک لەوێڵی سەرابا
یەکێک لەهەنگاوی خاکا
یەکێک لەبەرماڵی پاکا
منیش بەدوای زامەکانا
بەدوای خەمی نیشتمانا
رێگای مەرگەساتم ئەبڕم
گوڵ و ڕەیحانەی بۆ ئەگرم

کەرکووک
١٩٧٣/٥/٦

من و ئەوان لەنێوان دوو مەمکی زەوییەکدا
بوومە داری بناری باڵدارێکیش
قەتارەی هەوری با ڕەشی دەچڕی
غوربەتی خۆی بەگەردوون دەناساند
گوڵە خاتوونەکەش گەڵا بارانی خۆی
بەسەر سەما کردنیدا دەکردە ڕێژنە
باڵدارەکە، شەپۆڵی خۆی نەگرتەوە
تارۆژی نوێ و گوڵێکی نوێ
دەمیان بۆ ئەم نەکردەوە
ئەمنیش خۆم.. بەبنارەکە شەتەک دا..
ئەوان زیندوو منیش مردوو

قادرکەرەم
١٩٧٤/٩/٢٦

## بێ تۆیی و بە تۆیی

بێ تۆ، بێ عەشقی تۆ،
بوونم .. شووشەیە بەتاڵە
تەمەنێک گەر تۆی نوقوڵی تێدا نەبێ
رووبارێکە لەسەر چاوەکەی ڕا تاڵە
ژینێ، تۆ شیرازەی نەبی
خەمی داچۆڕاوی ناخەو هەتا بلێی
برینێکی بەسۆزی ئاڵە
ژیانێکیش کەتۆی تیابێ
باخچەیەکەو
پەڕەی خونچەو گوڵەکانی
پەمەییەکی ئێجگار کاڵە

قادرکەرەم
١٩٧٤/١٢/١٥

## وەرزی تەمەن

نازدارەکەم لەچاومدا بێ هاوتایە
لەدڵمدا هەتا مابم بەشێ لەپرتەوی خوایە
ئاسکی دەشتە رووحی گەشە
سەوڵی چەمە هەنارێکی گوڵ بەدەمە
هەم چنارە هەم شمشاڵە
هەر چوار وەرزەکانی ساڵە
بۆیە منیش تەمەنی خۆم بەوەرز ئەگرم
هەتا لەناو گۆمە گەورەی چاوەکانیا ئەژی و ئەمرم

سلێمانی
١٩٧٦/١١/١٣

## رۆخانە

سەوزەڵەی شێخان قەزات لەگیانم
منیش وەکو خۆت هی لای گەرمیانم
بۆت ئەڵێمەوە سەدای رۆخانە
تەنکەو لانکدار سەڵتان سەڵتانە
کەمەرە شل و سەوزەو هەوری لار
خورشیدی و خاوکەر هەم بەرزە قەتار
کەپرت بۆ ئەکەم لەناو بۆیسانا
بۆت ئەچنم سەوڵ وگوڵ و رەیحانە
پەنیرە پۆزەو کووزەڵەی لێو چەم
شەمامەی خەت خەت نازدار وەکو شەم
بەرەزای کەڵبەز، کلاوە سوورە
سێوە ناسکەکەی چەمەکەی کوورە
ئەمانەو هەنێ خونچەی گوڵەباغ
ئەدەم لەقوبەی بالای وەک بەیداغ
چونکە گیانەکەم من تۆم خۆش ئەوێ
قەزات لەرووحی گەرمیانی کەوێ

١٩٧٩/١١/٢٧

کەرکووک

## بادە

چـیـبـکـەم لـەخـەنـدەی دڵـی تـەنـگـەوە
لــەم کـاروان سـەرای شـەوەزەنـگـەوە
ئـەگـەر خـەمـی دڵ بـەمـەی بـسـپـێـرم
پـەیـامـی عـەشـقـم بـەوا بـنـێـرم
ئـەوا هـەر نـەمـویـسـت ئـەم ژیـنـە لـەبـن
بـەبـێ ئـاگـایـی بـگـاتـە دەس مـن

هەولێر
١٩٨٤/١٢/٢٥

## ؟!

کەپەردەی خەم باڵی کێشا بەسەر منی لێ قەوماوا
کـەزریـانـی نـەگـبـەتـی هـات یـەخـەی گـرتـم لـەنـاکـاوا
لـەبـازنـەی ئـاواتـەکـان تـوورِی هـەڵـدام بـەرەو نـەمـان
وەکو چەپکە گڕێ کشام، پێ لەئەرزو روو لەئاسمان.

هەولێر
١٩٨٥/٩/١٤

## دیاریی

ڕێبوارێک بووم
سەرلێشێواو.... ڕاوەستابووم،
کچە کوردێک گەیشتە لام..
ئەوەند جوان و
دڵرفێن بوو
لەبەردەمیا وەک مۆم سوتام
پرسی بیستوومە شاعیری
گوتم کەمێک
دە، بۆم بڵێ شیعرێک بەتام "»
یەکسەر ئیتر بێ ڕاوەستان
وەکو دەرویش
چۆن سۆز ئەکاو
ئەحواڵ ئەگرێت
وەکو بولبول لە گوڵستان ..
دەستم پێکرد شیعری کوردی
بە ووشەی پاراو و جـــوان .
گوتم بۆ تۆ هەزار هەڵبەست

پر لە ئەوین و
خۆشەویستی و
جوانترین هەســـت
ئەمانەو گەلێک
ووشەی تریش
ئەیهۆنمەوە وەک مرواری
ئەیکەمە ملت چاو مەســـت
لە دۆڵ و چیای کوردستان
شاخی بەفرینی بادینان
بۆت دێنم نێرگس و بەیبوون
گولیلکە پایزەی گەرمیان
بە ئاوی چەم و کانی بەفراو
ئەیپرژێنم وەکو گوڵاو
ئەیکەمە تاجێک بۆ سەرت
بدرەوشێتەوە وەک هــەتاو
پێشکەشت بێ چەپکێ هۆزان
لە شاکاری شیعری کوردی
دڵدارو قانیع و گۆران
تێکەڵاو بە هەستی پەشێو
بە ناڵەی شمشاڵی شوان

چ هەیە جوانتربێ لە مانە؟
بیکەمە دیاریی بۆت گیانە؟
من هەر ئەوەندە ئەتوانم
پێشکەشتی بکەم خانم
ئیتر شاعیربم یان نەبم
من لەمەزیاتر نازانم

هەولێر
١٩٨٨/٣/٢٩

## نامەیەک

ئەی هەردەی گەرمیان سوورکی بێ دار
بویتە قەرارگەی شای قەرەچێوار
" ئێستاکە هەردەت وشک و بێ ئاوە
بێ باخ و میوەی دێهات کەلاوە
ڕەش هەڵگەڕاوی بێ شەوقە نوورت
سیس و ژاکاوە گوڵاڵەی سوورت
بێ ئاوە کانیت دیدەت بێ نوورە
دڕک سەربەرزەو خەمیش ڕووی سوورە
خۆشیت نەماوە خەم سەیلی بەهار
بەرگت ڕەشپۆشە وەکو شەوی تار
بێ یاهوی دەرویش یا پیری دەستگیر
بێ دایەرەی شێخ ئەسیری ئەسیر
ئەزانم بۆچی ڕەنگت بێ شەوقە
دەستت لە زنجیر پێوەن و تەوقە
توخوا بای شەماڵ لە جێی من ساتێ
ڕوومەتی ماچ کە دەمم نایگاتێ
بە کزەی فێنکت بشنێ بڵێ بەو
دۆستان بیمارن بەندن وەکو کەو

لەوجاوە هەموو دابڕان لە تۆ
بەجێیان هێشتی بە شین و ڕۆ ڕۆ
شین و زارییان هەر بێ وچانە
بۆ هەردەو دەشتی پیری ڕۆخانە
بەڵام گیانەکەم توخوا بای شەماڵ
دێهات بگەڕێ جێگەی ماڵ بە ماڵ
دەستگرن لەگەڵ بای وەشتی باران
بچنە سەیرانگەو جێگای هەواران
هەردەو هەڵەت و ئەو دەشت و کێوە
دەشتەکەی گەرمیان هەمووی بپێوە
بگەڕێ لە چۆڵ و لە ئاوەدانی
بەڵکو هەواڵی ئەنفال بزانی
خوایە تا بەهار خونچە دەرئەچێ
ئەم خەمەی ئێمەیش لەدڵ لابچێ
بڵێ ئەم نامەم بە هەناسە ساردی
بەبای شەماڵا گەرمیان بۆ ناردی
شەماڵ نامەکە ڕۆژێک لە ڕۆژان
ئەیخوێنمەوە لە دەشتی گەرمیان
ئەگەر نامەکەم نەبەی بە چاکیی
ناهێڵم ئیتر پێ بنێیتە خاکی

گــەرمــیــان بــبــیــنــی ڕوون ئــەبــێ چــاوت
پــایــە بــەرز ئــەبــی و ئــەمــێــنــێ نــاوت
ئــەڵــێــن ڕۆژێــکــیــان ئــەم بــای شــەمــاڵــە
لـــە کـــاتـــێ تـــەنـــگـــدا لـــە ژیـــنـــێ تـــاڵا
نــامــەی دوو کــەســی بــە دڵ گــەرمــیــانــی
هــەر بــە ئــاســمــانــا بــۆ ئــێــمــەی هــانــی

هەولێر ١٩٨٨/١١/٥

یەکەم دێڕی ئەم هۆنراوەیە هی خوالێخوشبوو شێخ اسماعیل شێخ عەبدولکەریم بەرزنجییە کەچەن مانگێک پاش تاوانی بەدناوی ئەنفال کە ماڵی ئەوان و ئێمەیش ئاوارەی شاری هەولێربووین ڕۆژێکیان گەیشتمە خزمەتی ئەو دێڕە شیعرەی یەکەمی بۆم خوێندەوە و فرمێسک بەچاوانیدا هاتە خوارێ و وتی فەخرەدین ئەو بەیتە شیعرەم سێ مانگ زیاترە نوسیوە بۆ گەرمیان بەڵام هەرچەن ئەکەم بۆم تەواو ناکرێت بزانە تۆ تەواوی ناکەی ئەزانم تۆیش دەم لە شیعر نووسین ئەکوتی وتم بەسەرچاو هەوڵێکی لە گەڵا ئەدەم، ئەوەبوو بوە هۆی نووسینی ئەو شیعرەی سەرەوە داخەکەم کە تەواوم کرد کاک شێخ اسماعیل کۆچی دوایی کردبوو فریا نەکەوتم بۆی بخوێنمەوە چونکە شیعرەکەم لێ ونبوو تەنیا ساڵی پار ٢٠٢٢ هەر بە ڕێکەوت برای بەڕێزم کاک شێخ دڵشاد

شێخ وهاب بەرزنجی ئاگەداری کردمەوە کە ئەم شیعرەی لای خۆی پاراستوە من نازانم چۆن کەوتۆتە لای بەڕێزی بەڵام سەرسامی کردم کە زیاتر لە ٣٣ ساڵ لای خۆی پاراستویەتی بۆیە پڕ بەدڵ سوپاسی ئەکەم و هیوای تەندروستیی و تەمەن درێژیی بۆ دەخوازم ئەوەیە ئەدەبدۆست و پیاوی بە ئەمەک و بە ئەزموون، درووود بۆ ڕوحی پاک و بێگەردی کاک شێخ اسماعیل شێخ عبدالکریم و یادی ئەو پیاوە مەزنە بەخێر

## نەورۆز

نەورۆز، فیستڤاڵە
یادێکی دێرینی ئاڵە
یەکەم شوێن پەنجەی
ئەلبوومی تێکۆشانە
یەکەم رۆژی بەهارو
دوا هەنگاوی
گڕو چەخماخەی زستانە
دووەم لەدایک بوونی
من وتۆو ئەوە
ئەگەر نەورۆز
لەساڵنامە دەربهێنین
دڵنیابن
تەمەنی ئێمە هەر شەوە
چونکە نەورۆز
یەکەم خۆری دوای دەیجوورە
یەکەم گوڵی سووری خەم و
تارای سپیی خاتوو زین و
یەکەم پەڕەی، سەر شەپۆلی
فەرهەنگێکی پڕ لەنوورە

هەولێر
١٩٨٨/٣/١٣



## پیری قەرەچێوار هاوارە

پیری قەرەچێوار و گەیلانی هاوارە
ڕەحمی بکە و سەرێ بدە لەم هەوارە
نەدێ، نە باخ، نە کانییەک
شوێن هەوارێکیان نەماوە
رۆخانەو رووبارەکان هەموی لێڵن
ریڕەویان بە جارێک گۆڕاوە
دێوەزمە و ئەهریمەنێک وا لەو دۆڵە
چیمان هەیە، لوولی داوەو دای بە کۆڵا
ژن و، گەنج و، منداڵ و پیر
دەست و پێیان بەستراوە

ماڵ وێرانم، هەموی ئەسیر
ئەمە رۆژی ڕەشە و ئەنفالی کورد
فریاکەوە، پێ پەتیەک وا پاکی برد
دەسا پیرم، فەقیانەکەت ڕاوەشێنە
لەباتی ئاو با ئاگر بێ، و
خاکی بەر پێی زاڵمەکان بلەرزێنە
لەسەر سینگی بەزەییدا
تابلۆی مەشخەڵ بنەخشێنە
هۆ پیرەکەی قادرکەرەم
ڕووباری تیشک، فریادڕەسی هەژارەکان
سوڵتانی من، خاوەن کەرەم
کەمەن کێشی باوەڕداران
ئەم زاڵمە سەرەو ژێرکە بیروخێنە
هەقی کوردی بێتاوانیان لێبسێنە
ئەو سەروەریە با ببێتە ناونیشانت
ئەوسا، من و دەروێشانت
گشتمان تێکڕا
دەبینە و ە بە قوربانت

لە ڕێگەی قادرکەرەم ڕۆژی تاوانی ئەنفال ١٩٨٨/٠٤/٠٩
ئەو هۆنراوەیەی سەرەوە بەدەم ڕێگاوە لە کەرکووکەوە
بۆ قادرکەرەم نووسراوە ڕۆژی ئەنفالەکەی گەرمیان لە
قادرکەرەم لەگەڵ جەنابی شێخ ئیبراهیم بەرزنجی و کاک
شێخ لەتیف شێخ ئیبراهیم پێکەوە دەچووین بۆ قادرکەرەم
لەو ڕۆژە ڕەشەدا بۆ فریاکەوتنی دایک و باوک وخوشکەکانم
لە قادرکەرەم بۆ ئەوەی لە چنگی ڕەشی ئەنفالی عارەب
ڕزگاریان بکەم ئیتر بەدەمڕێوە ئەو شیعرەم نووسی ڕۆژی
ئەنفالە بەدناوەکەی قادرکەرەم ١٩٨٨/٤/٩

## نامورادی

گەرمیان
خاپوور بوو
گەڵای گۆپتەپە هەڵوەری
بەڵام
لەکەرکووک، حەمە گەورەبوو
لەسلێمانی ئەحە لەدایک بوو
لەهەولێر، چرا هەڵکرا
لەدهۆک مومێ داگیرسا
پەڕەی هەنگاوێکی نوێ هەڵدرایەوە
بەچوار دەسم
لەسەر کەلاوەی گەرمیانێ
لەیادی کاوەدا
ئاگری نەورۆز کرایەوە
رۆحیانەتی مامە ریشەش
لەو گڕەبوو
پاندانەکەی پڕاو پڕ کرد.. لەمەرەکەب
لە ـ
مە ـ
رە ـ
کەب ـ

هەولێر
١٩٨٨/٤/٢٩

## خۆزگە

بەکۆلانێکا تێپەڕیم
پێم هەڵ ئەنگوت،
کەوتمە خوارێ
منالێکی بەر دەرگاکە
هەنارێکی لەدەستا بوو
خوێنی هەنار
بەسەر پەنجەیا رژابوو
سمۆرەی زیت
بەکەوتنم
دایە تریقەی پێکەنین
ئازاری خۆم لەبیر کردو
بوومە خەرمانێک لەئەوین
رووم لە قوببەی ئاسمان کردو
ووتم خوایە
بۆ ئەوەی منداڵ پێکەنێ
رۆژی سەدجار بکەوتمایە.

هەولێر
١٩٨٨/١٠/١١

## شانازیی

گەرمیانەکەم
لەفەرهەنگی ئەنفالەکان
هێندە گەورەو شکۆداری
نەک هەر پێ دەشت
باڵای هەوریش
سوجدە بۆ پیرۆزیت دەبەن
لەناو باخچەی شیعری من و
لەناو دڵی گشت کوردێکا
بەشانازی ئەترِوێنێ
بۆیە مشتێ لەخاکەکەت
ئەکەم بەماکی تەقواکەم
ئەیکەمە خوێن
بۆ برەوی پاکیزەیی
سروشتی رووحی سەوداکەم

هەولێر
١٩٨٨/٤/٥

## تەبەڕوک

گەرمیانەکەم
خەوی بێدار
دڵی خاپوور
تەبەڕوکی مەرقەدەکەی قەرەچیوار
چەترت
گەڵای پایزانی ساڵە
ئەشکت
لێوی کاڵێو
خوێنی خەتەنەی مناڵە
دەسماڵەکەت
ڕەشی تێرە
پاپۆشەکەت بۆی سووتانە
هەوری پرچت، دووکەڵاوی
قەتارەکەت
کارێزی قوڵپی گریانە
هۆ بای وەشتی
بالەفڕەی سۆزەکانم

لەباتی من بچۆ ئەوێ
سەرێ بدە لەهەواری قادر کەرەم
کەئێستا دەستم نایگاتێ
گوڵی رووحم
بدە لەسینگی ئەو کچەی
کەئەنفالەو.. دەنگی دەروونم نایگاتێ

هەولێر
١٩٨٨/١١/٥

## كۆتری ووشە

ئەسپی توانای بۆ زین ئەكەم
سەردەنێمەوە بۆ گەرمێن
بێ باكانە
وەكو شەپۆلێكی سیروان
بەدەم
بەدڵ، ئەچریكێنم
بەخورشیدی و بەرزە قەتار
داروبەردی ئەم گەردوونە ئەهەژێنم
گورزێ نەمامی ساوای بیر
لەشیعرەكانما هەڵ ئەگرم
لەناو شوێن پای لا رێكانا
یەكە یەكە ئەیان چێنم
دوو كۆتری سپی ووشەم
بەئاسمانی دێكانمانا، ئەفڕێنم
تا ئەبینم كار تەواوە
راوچی و
داربڕ لەخێڵەكانا نەماوە

ئەوسا لەپاڵ
شاخ چەولکا یان کانیاوێ
بەدەم خەمی ئەنفالەوە
یەکە یەکە .. سەرەکانی
کێلە بەردینە ئەشکێنم
کۆتایی بە
ئەفسانەی ترسیان ئەهێنم
هەولێر
١٩٨٩/٧/٩



لەگەڵ شاعیری هەست ناسک و جوان بێژ سەید تەها قڵامکایلی شێخانی

وەک نەریتێکی کۆن زۆر جار ڕوویــداوە دوو شاعیر نامەیان گۆڕیوەتەوە بە شیعر و سکاڵای خۆیان بۆ یەکتر کردوە هەر لەو سۆنگەوە من و شاعیری هەست ناسک و بە ئەزموون سەید تەها شێخانی سەردەمانێک لێکدابڕاین بە هۆی بارەدۆخی سیاسیەوە ئەو لە کەرکووک و منیش لەهەولێر ئەو کاتەش وەک ئێستا تەلەفۆنی زیرەک نەبوو بۆیە بە نامە گۆڕینەوە بەردەوامیمان بەپێوەندی دەدا ئەم پارچە شیعرانەی خوارەوە گوزارشت لە پێوەندیە توندو تۆڵەی من و کاک سەیدتەها شیخانی شاعیر دەکات.
کاک تەها شیعرێکی منی لە ڕۆژنامەی هاوکاری ئەو زەمانەی بەرچاو کەوتبوو بۆیە بە پارچە شیعرێکی جوان نامەیەکی بۆم نووسیبوو بە شیعر کە ئەمە دەقەکەیەتی:

## بۆ بەڕێز شاعر:
## فخرالدین حاجی نصرالدین

فـــەخـــری .. فـــەخـــری بـــۆ ئـــێـــمـــەی مـــات
لـــەم شـــارەوە هـــەڵـــبـــەســـتـــەکـــەم وا نـــارد بـــۆلات
ڕۆژ لـــــە دڵـــــمـــــای شـــــەو لـــــە خـــــەیـــــاڵ
ســـــیـــــنـــــەم بـــــێ تـــــۆ بـــــۆشـــــە و بـــــەتـــــاڵ
وا نـــــەزانـــــی بـــــرات نـــــیـــــە و تـــــەنـــــهـــــا بـــــاڵـــــی
مـــن بـــراتـــم تـــۆیـــش دەروێـــشـــی پـــڕ کـــەمـــاڵـــی
ورد ... ورد ڕێـــکـــە لـــەســـەر پـــەڕەی گـــۆڤـــارەکـــان
بەرەو لوتکەی ئەو ئاواتەی خۆشی ئەبەخشێتە ژیان
من ئەمڕۆکە لەسەر جادەی وەک ڕەشماری ڕێگای ئیسکان
هێدی ... هێدی ڕێم ئەبڕی دەستم خستبوە نێو گیرفان
لە پڕ سەودای تۆم هاتە سەر یادگارم خڕ کرد وەک خەرمان
مێشکم ڤیدیۆی کتوپڕ بوو شالاوم بردەوە گەرمیان
بـــــنـــــجـــــک ... بـــــنـــــجـــــک ... لاپـــــاڵ ..
.لاپـــاڵ ئـــەم جـــێـــگـــەڕاو ئـــەو کـــۆنـــە لان
شـــوێـــن پـــێـــم هـــەڵـــگـــرت ئـــاســـۆ گـــەڕام ئـــەم
شـــوێـــن بـــێـــســـتـــان ئـــەو شـــوێـــن خـــەرمـــان
لەگەڵ تۆدا گفت و گۆم بوو وەک ڕۆژانی جاخی جاران
دێر ... دێر کەوتینە نووسینی تا هاتینە باسی بێلان

ئەم وێرانە کە باس کرێ دڵ چەخماخە و چاو بە گریان
تا لافاوێ دروست ئەکا چەولک ئەبا بەرەو ڕەشان
لە پڕ قاقایەکی درۆ لە گەرومان دێنێتە دەر
هەر وەکو فەنە بێدەنگە یەک بەوی تر ئەدا خەبەر
ئۆخەی بێلان لافاو بردی نابێتە جێگای جانەوەر
ئەوسا بەیەک باڵ ئەفڕین تا ئەگەینە لای پێغەمبەر
بە جووت باسی بێلان ئەکەین داوای نانی شوان ئەکەین
داوای جێگای زیکرو دەروێش داوای لانەی قورئان ئەکەین
دەس لە یەخەی ناکەینەوە تا ئەویش سەر دێنێتە دەر
قسەی ڕاستیی ئەدەینە دەس بەڵکو هۆشی هێنایە سەر
تۆ لەولاوە و من لەم لاوە قوربان بە هەزار پێغەمبەر
ئەوەی بە دڵ تۆ پەرست بوو لە بێلان کراوەتە دەر
نە گۆڕەشین نە گەزەڵان نە تاوسانە نە بانە بەرز
نە کفرە دۆڵ نە شوێن بنە نە قارکەرەم نە تەپە سەوز
قوربان باوەڕمان پێ ناکەی فەرموو بچین بۆ لەوانە
چاوی باتن بخەرە کار چەمچەماڵ کێی لا میوانە
چل ساڵە دەست بەستراوم خۆشیم نەدی لەم جیهانە

سەید تەها شێخانی
١٩٨٩/٤/٣

## وەڵامەکەی بەندە بۆ نامە جوانەکەی سەرەوەی کاک سەید تەها شێخانی:

**بۆ برای شاعیرو هاوڕێی دێرینم کاک سەید تەهای بەڕێز کە سەردەمانێک نازناوی داماو ی بۆخۆی دانابوو**

داماو نامەکەت گەیشتە دەستم
تەواو کاریکرد لە هۆشو هەستم
گەر ڕۆژ لە دڵتام شەویش لە خەیاڵ
سینەی تۆ پڕە لە دوورِ نەک بەتاڵ
تاکو تۆم هەبێ من تەنیا باڵ نیم
پێو یستی چاکە و هە م خۆ شە و یستیم
پەڕەی دڵی تۆ بۆ منی هەژار
چاکترە لە سەد ڕۆژنامەو گۆڤار
تۆ لە جادەی ئیسکان منیش لە سۆران
ویڵ و بێکەسم نەک دەست لە گیرفان
من بە نامەکەت سەرخۆشو مەست بووم
بەڵام بۆ گەرمیان خەمگین و پەست بووم
دەریای خەیاڵمت هێنایە شەپۆل
بە ناوی بێلان هەردەو دەشت و چۆڵ
نە ڕاویش ماوە نە جێگەی سەیران
ڕێوی ڕاو ئەکات لە جێگای شێران

هەرچەندە دوورم هەی گلێنەی چاو
تینوم بۆ دیدار چون زەوی بۆ ئاو
من حەسرەتمەندم بۆ زیکرو دەروێش
ڕوخسار دێوانە کە ئەهاتە جۆش
هەموو جار بە خەو ئەچمەوە گەرمیان
بۆ ڕاو گۆڕەشین یاخود گەزەڵان
من دوعاخوانم لای پیرو لای غەوز
ئاوەدان بکرێ دیسان تەپە سەوز
گەر تۆ چل ساڵە دەست بەستراوی
منیش سی و حەوتە زۆر بە تەواوی
من گۆشی دەردو هەم چەرمەسەرم
خۆشی ببینم بێگومان دەمرم
هەرکەس ئاقڵ بێت بگێڕێ چاوێ
چەمچەماڵ چاوی باتنی ناوێ
هەر بە چاو دیارە کۆیلەو هەژاران
وان لە ژێر ڕەحمەت ڕێژنەی باو باران
ئەمجار پاش ئەحواڵ من مننەت بارم
کاغەزت سەرچاو برای نازدارم

هەولێر ١٩٨٩/١٢/٢٥

ئەمەی خوارەوەش وەڵامی کاک سەید تەهایە بۆ نامەیەکی دیکەی بەندە کە بە داخەوەنامەکەی من نەماوە بەڵام وەڵامەکەی کاک سەید تەها دیارە هەڵیگرتوە ئاخر نەموت کاک تەها لە من کارامەترەو چاکتر شتەکانی پاراستوە.

وەڵامی نامەی شاعیر فەخرەدین گەرمیانی:

دڵێ یەک پارچە پڕ بێ لە زۆخاڵ چاری ئەوەیە ڕادا بەرەو ماڵ
تا کەمێ زامی دڵت تیمار کەی بە گاڵتە و گەپێ لای ماڵ و مناڵ
بەهار هەر کاتێ بو بە هەوری تاڵ ئەو ساڵە جەژنە بۆ قالاو و داڵ
لەو جۆرە هەورە زۆر جار بارانە جەژنی شوانە، ڕان ئەبا بۆ ماڵ
نە وورەت ماوە نە هێز نە توانا وا مەڵێ حەیفە بۆ پیاوی دانا
گەر من نەسوتێم یان تۆ نەسوتێی تاریکە هەرگیز ڕووی ئەم جیهانە
بۆ ئەگرینە بەر گردو دەشت و پاڵ کێ ما لە دونیا نەیانخستە چاڵ
لە ترسی مەرگا کەی هات بە خێربێ ئەو ڕۆژە مردین بوینە خاوەن ماڵ

سەید تەها شێخانی
دهۆک - عمادیە
١٩٨٤/٤/١٦

سەید تەها وێنەیەکی جوانی خۆی لە فەیسبوک بڵاو کردبوەوە بە جلوبەرگی کوردیی وبڕنەوێکی لە شانکردبو کە زۆر بەلامەوە جوان بوو منیش بۆم نووسیی

کـــوڕە کـــوردێـــکـــی بـــڕنـــەو لـــە شـــانـــی
چـــەکـــی خـــەبـــات و نـــەوەی مـــەردانـــی
بـــژی پـــێـــشـــمـــەرگـــەو بـــژی کـــوردســـتـــان
بـــژی ڕۆڵـــەکـــەی دەشـــتـــەکـــەی گـــەرمـــیـــان

هـەر لـەسـەر هـەمـان کۆمێنتەکەی من وەڵامـی دامـەوەو نووسیبوی

پـێـمـخـۆشـە کـوردێـک بـڕنـەو لـە شـان بـم
زۆر ســەربــەرزیــە گــەر لــە مــەیــدان بــم
پــێــشــمــەرگــایــەتــیــی مــانــی هــەمــوانــە
پــارێــزەر خــاکــی گــشــت کــوردســتــانــە

کۆڵکە زێڕینەی شیعر
کە تەماشای ..
باخچەی چاوەکانی تۆم کرد
ووشەی شیعرو
هێزی شیعرو
هەنگاوەکانی خۆم وونکرد
وام ئەزانی
لەو باخچەدا، سەردەر ناکەم
هەوری خەمی دابڕانت لەبەر ناکەم
ووتم گیانە
رووحم ئەفڕێ
لەناو لەپی
گەڵایەکی چاوەکانی تۆدا ئەمرێ
پێم ئەزانێ، دوای مەرگیشم
پەپوولەی رووح
گوڵی شیعریش
لەدیداری تۆدا ئەگرێ

هەولێر
١٩٨٩/٢/٣

## فرمێسکی قەڵەم

لەناو بێشکەی ماندوێتیما
هەڕەزانێت بۆ هەڵئەخەم
لەتاریکی پڕچەکەتا
چرای چاومت بۆ هەڵئەکەم
بۆ بزەی تۆ
بۆ شنەی تۆ
دەبم بەخەمێکی سەردەم
گەر بتەوێ، ئەمەش ڕۆحم..
نەڵێی تەلارەکەت هیچە
منی شاعیر چی شک ببەم
غەیری ووشەو غەیری قسەو
جگە لەفرمێسکی قەڵەم

هەولێر
١٩٩٠/١/٨

## گڕو عەشق:

هێندە ژووری ..
تەنهایی شەو، ووشک و زڕە
شیعرم نایە
گەرچی لێوم
وەکو زستان، ساردو سڕە
تەنها لەبۆنی دووکەڵ و
لەزایەڵەی نەوای خەم و
ئازاری دڵ پڕاو پڕە
ژوورم گڕو
دەشتم گڕو
جەستەم گڕو
پشتەو شکێنی سەوداتم
تینووی گڕە
دیارە ڕێگای
گۆمێ نازیش
خۆی لەخۆیدا کوورەی گڕە
بۆیە خەمی ئەم عەشقەشم
بەئەندازەی برۆکانت
ئاڵۆزوو سفت وچڕە

هەولێر
١٩٩٠/١/٢٠

**بارین**

دەبا
فیشەک
تۆپ
خوێن
مردن، بباریَ
بەرد , شمشێر
خەم
ئازار، بباریَ
من ئەو مۆمەم
بەپێوە ئەژیم
بەپێوە ئەمرم
لەپێش دوژمن و
لەشەوە زەنگا
گڕ گڕ ئەسووتێم، وەک پیرەداریَ
دەبم بەئاوو
دەبم بەفرمێسک
بەڵام مەحاڵە، چاوی شەوقەکەم
کڕنۆش بهێنێو،
دلۆپی عەسری لیَ بێننە خواریَ

هەولێر
١٩٩١/٥/١٥

لە کاتی کۆڕەوەکەدا و ئێوارانێک لە کەمپی ئاوارەیی شەمزینان لە باکووری کوردستان دانیشتبووین لە گەڵ لالۆ رەنجدەر و سەربەست عوسمان و عەبدولکەریم سەرکەش کە ئێستا هەریەک لە وڵاتێکین لالۆ وتی فەخرەدین ئێمە لێرە دەستبەتاڵین و هیچ ئیشوکارمان نیە بۆ نایەیی تیپیکی هونەری دروستبکەین لەو هەموو گەنجە جوانانەی لێرە لەگەڵمانن؟ تۆیش شتێکمان بۆبنووسە بیکەینە نمایشێک یان شانۆگەرییەک هەم سەرقاڵ ئەبین و هەم سوودێک دەگەیەنین بەو هەموو خەڵکە ئاوارەیە، پێشنیارەکەم بەلاوە زۆر جوان بوو بۆیە ئەم پارچە هۆنراوەیەم لەکەمپی شەمزینان نووسیی و لالۆش کردیی بە شانۆگەریەکی ئیستعرازی زۆر جوان وهەرخۆیشی هەستا بە دەرهێنانی شانۆگەریەکە و وایلێهات هەرچی مندالانی کەمپەکە هەبوو کەبە سەدان و بگرە بە هەزاران بوون هۆنراوەکەیان ئەزبەر کردبوو هەر بە ئاوازەکەی لالۆدەیان خوێند و لەمسەر کەمپەکەوە بۆ ئەو سەر کەمپەکە دەهاتن و دەچوون بۆیە پۆلیس و میتی تورک کێچ کەوتە کەوڵیان و وایانزانی ئەو شیعرە هی لالۆیە بۆیە لالۆ و یەک دوو لە هاوڕێکانمان دەستبەسەرکران لالۆ لە گەڵ ئارام ی کوڕیدا گیران کە ئارام زۆر منداڵ بوو پاشان بەخۆپیشاندانێکی گەورە توانیمان لالۆ و ئەو دوای گەنجەکان لە دەست تورک ڕزگار بکەین ئەمەی خوارەوەش ئەو پارچە هۆنراوەیە بە ناونیشانی تۆپ باران

## سروودی تۆپباران

تۆپ دەباریی وەک باران
لە دێهات و لە شاران
لەسەر کێلگەو کارخانە
لە مال و قوتابخانە
هەتا مردن هەر کوردین
بۆ ئازادی گشت پردین

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

دەستتان بە خوێنمان سوورە
بەزین لە ئێمە دوورە

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

بە کیمیاوی و ناپالم
سوتان مال و منالم
بە خەنجەرو بە نەشتەر
چاوی ساوا هاتە دەر
بە ئەشکەنجە لە زیندان
کوژران هەموو بێتاوان

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

دەســـتـــتـــان بـــە خـــوێـــنـــمـــان ســـوورە
رووخـــــان لـــــەئـــــێـــــمـــــــــــــە دوورە
❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊
چـــــەنـــــدێ ئـــــافـــــرەتـــــتـــــان تـــۆقـــــان
کـــۆرپـــەی بـــەر ســـیـــنـــگـــتـــان رفـــان
چـــــــــەنــــــدێ لاوی بـــــــێ خـــــــەتـــــــا
هـــــەڵـــــتـــــانـــــواســـــی بـــــە پـــــەتـــــا
چـــــــەنــــــدێ مـــــــەزارو مـــــــزگـــــــەوت
بـــــە ســـــاروخـــــی ئـــــێـــــوە کـــــەوت
❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊
دەســـتـــتـــان بـــە خـــوێـــنـــمـــان ســـوورە
رووخـــــان لـــــە ئـــــێـــــمـــــــــــــە دوورە
❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊
مـــــەحـــــالـــــە بـــــچـــــێ لـــــە بـــــیـــــر
کـــەلـــەپـــچـــەو کـــۆت و زنـــجـــیـــر
شـــەق و زلـــــلـــــەو تـــــێـــــهـــــەلـــــدان
بـــەگـــاز نـــیـــنـــۆک هـــەلـــکـــێـــشـــان
بـــــە هـــــەمـــــوو لـــــەشـــــمـــــان دیـــــارە
جـــــێـــــگـــــەی کـــــێـــــبـــــل و دارە
❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

دەســـتـــتـــان بـــە خـــوێـــنـــمـــان ســـووره
رووخـــــان لـــــە ئـــــێـــــمـــــــــــــــــە دووره
* * * * * * * * * * * * * * * * * *

کەمپی ئاوارەیی شەمزینان
١٩٩١

ئەو هۆنراوەی سەرەوە لە کەمپی شەمزینان خۆم و لالۆ ڕەنجدەر و کۆمەڵێک گەنجانی ناوکەمپەکە هەستاین بە دامەزراندنی تیپێکی هونەریی شانۆ و لالۆ ئەو شیعرەی بەندەی وەکشانۆگەریی نمایشکاریی )ئیستعرازی (ئامادە کردو بە ناوی گەشتێکی خوێناوی پێشکەش کراکە بوە هۆی خۆشحاڵی خەڵکە ئاوارەکەی ناو کەمپەکە.

## دا بـــــارین

ئەرپەو ریشە
جووتێ هەڵۆی کەرکووکی بوون
بەگژ زام و
گەردەلوولی تەما ئەچوون
دوو رۆخانەی
کوردستان بوون
نموونەی بەرزی ئینسان بوون
لەسەر لێوی مناڵانا
لەشەو چرای
تێرژانی دەستەو یەخەی
ماڵ بەماڵ وناو کۆلانا
خاوەن وێنەن
تاجی گوڵی، ئا ئەم شوێنەن
لەسەر گەلاو
لەسەر گوزگیی ی شەپۆلی ئاو
لەناو بەفرا، لەزریانا
دا ئەبارێن..

بەسەر پێ دەشتی گەرمیانا
شوێن پاکانیان
کانیاوێکن لەزەمزم و
ستک ئەگرن
وان لەفەرهەنگی ویژداناو
بڕوا ناکەم رۆژێ بمرن

هەولێر
١٩٩١/٨/٢٧



# پێشمەرگە

من بەردێکی
سەرلوتکەم و
نە بەسەرما
نە بەگەرما
ناتوێمەوە
وەکو ئاسمان
بێ سنوورم
ڕێگای هەڵەت ئەخرچێنم
سواڵەی هیوا
لەگێژەنگا دەرئەهێنم
وەکو رووبار
هەر ئەڕۆم و

ڕێی کشانەوەم نەدیوە
لەوەتەی هەم
خەندە لەلێوم تەریوە
منی هەڵۆ،
بەرزە فڕو، گەردی زەویش بەدی ئەکەم
دار بەڕووم و
گڕیش بەجەستەم فێر ئەکەم
بۆیە بۆ سەنگەری بەڵێن
یاخود بەفرم
یا نەک گڕم، یا مشتێ خوێن
لەوەتەی هەم
من پێشمەرگەم

هەولێر
١٩٩١/١٠/٢٧

## سپاردە

دایکم ووتی:
مەلۆتکە بووی
لەبێشکەدا بێ ئەندازە
بێزار ئەبووی
لەقومات و
لەشەتەکدانی دەسرازە
دەنگی سۆزی لایە لایەش
دەیهەژانی
خەو ئەتەری لەچاوانت
بەپێچەوانەی منالآن
ئەبوویتە بەحری لەگریان
ناچار ئەبووم
لەلانکە دەرت بهێنم
وەکو خواستێ
لەناو خوێنتا
ماکی ئازادی بچێنم

هەولێر
١٩٩١/٩/٤

## لێبووردن:

ویستم ئەمشەو
وەکو خەمێکی جارانم
ووشە بکەمە رابەرو
قەڵەم ببێتە زمانم
لەخەڵوەتخانەی شیعرەوە
زامەکانم بنووسمەوە
دەنگی خەمی دوورە تویێم
ببیسمەوە
لەگەڵ ئەلفی ناوی تۆدا
دەنگەکانی ناوی ئەنفال
لەناخمدا، راست بوونەوە
هزرو شیعرو
خودو
ئەتۆ.. هەموو لەبیرم چوونەوە
لێم ببورە.. بەچ روویەک
جارێکی کە، داوا بکەم لەپێنووسم
پشتم بگرێ و
شیعرێکی جوان
بۆ بەرزی باڵات بنووسم؟!

هەولێر
١٩٩١/١٠/٢٧

## چرپـــــــە

له سەرەتادا چرپەیک بوو..
بوو بە هاوار.
قیژەیەک هـــات
بوو بە بروسکەو..
گرمەی هەورێ..
ئازارێکی بێئەندازە
بەلای چەپی پەراسوومدا..
تێپەری کردو
لەلای راستەوە دەرهات !!
له جێگەی خۆما پەیکەر ئاسا !
جووڵەم نەما...
چونکە ناوی " ئەنفال "
بە گوێمدا هـــات

هەولێر
١٩٨٨

## خۆزگەیەکی بەدی نەهاتوو

خۆزگەم بەشوانێ
وا لەدەشتێکا
بێ پەژارەیەو
خڕکە لەو مەڕەی
بۆتە گۆرانی
وەلێ بیر روونەو
تەنها شەوانە
گەر خۆی تێکەڵ کا، بە ئاوەدانی
خۆزگەم بەشوانێ
بلوێر بازنەی خەم رەوێنێتی
نانە بەرەیەک هەقەو سێنێتی
چاپەستێکی ڕەش
شیری مەڕە کەڕ
ژەمی رۆژانەی پێ ئەباتە سەر
خۆزگەم بەشوانێ
دەنگی دووزەلەو
شمشاڵی قامیش

ناوە بەناوەش، لانک دارەیە
سەوداو زایەڵەی، ئەم بنارەیە
خۆزگەم بەشوانێ
خڕکە لەو مەڕە بچێتە پەچە
بەڵکو دەرکەوێ دەوڵەمەن بەچە
یاشەوە کەژە
یاعەسرە بەرە
ئەیکاتە هەڵۆی هەردەو تەپەولان
ریزی ڕەشبەڵەک
قەتارە بەستوو
ئەیکاتە مەمی خاتووزینی جوان
خۆزگەم بەشوانێ
چاو قرپاندنێ یاخو نوقرچێ
بەنەفسی بەرزا ئەچێتە خوارێ
کاتێ بێرییان، ئەگەڕێنەوە
هاڕەی دووزەلەی شوانەی ئاوایی
هەزاران نەغمەو گوڵە ئەستێرەی
لێ دا ئەبارێ
خۆزگەم بەشوانێ
لەشار بەدوورەو

باڵندەی دەشتەو
شتێ لەکێشەی سەردەم نازانێ
نابێتە پاشکۆ بۆ حزبایەتی
توند کەن لەجەرگی تیرو کەوانێ

هەولێر
١٩٩٠/٨/٩

## سروودێکی نەمر

لەکەلۆزێکی گەرمیانا
رۆژگارێکی رەشەبا بوو
چاوگەشێکی
پاشماوەی ئەنفالی سەردەم
ئەتوت ترشە،
لێم پەیا بوو
بەسەرهاتی دابڕانی
لەسەر نووکی زمانا بوو
ووتی بەڵێ
قادر کەرەم وجەباری
هەردەی شێخان و زەنگەنە
ژەهری ئەنفالیان لێ باری
بۆیە خەڵک و دەشت ودەری
تاهەمیشە
ئەڵێنەوە سروودەکەی مامە ڕیشە
حەمک، باوا
ساڵەیی و مامشەو لەیلان
چەمسوورخاوو
قەڵا مکایلەکەی شێخان

قەشقەو خوێڵێن
قەرە هەنجیرو بان مەقان
ئالیاوەکەی ئەنفالکراوان
ئەمانە دەستی یادگارین
تۆمارگاهی
خەباتی سەختی چەکدارین
حیکایەتی کۆڵنەدانی ساڵەهانە
بۆ رابردوو
بۆ ئێستاکەو
بۆ داهاتووی .. نەوەی هەڵۆی ئەم گەرمیانە
مامە ڕیشە
هزری من و زوانی قەڵەم
کەی ئەتوانن، یا ئەتوانێ،
هەنگاوێکی سەخت هەڵبێنێ،
وەک هەڵوێستی رەنگی ژاڵەو
وەکو باڵات
شیعرێکی جوان،
بۆ ئەم گەرمیانە دانێ
هەولێر
١٩٩٢/٢/٢

## خەونی پەیامی کەرکووک

کامە قودسی کوردستانەو
دڵی کوردستان کامەیە
کەرکووک ئافرەتێکی رووتەو
کەرکووک داشێکی دامەیە!
هێندە رۆڵەی تۆیان ئەویّ
بەکوشت بچێو بڵێن مەردە
دەنا کانیّ جوامێرێکت
رۆژیّ بکەن بەسەرکردە؟!
دەتۆش جاریّ لەمێژووتا
گڕ بەر بدە دروشمەکان
ببە گڕو ببە تەوقیّ
بۆ گەردنی سەرکردەکان
چونکە هەتا گڕ لەخۆت و
گڕ لەڕۆڵەکانت بەردەی
نە تۆ رزگاری دەبینی و
نە ئەوانیش ئەکەن ئۆخەی

کلیلی هەڵوێستی پاکی
لەرزگار بوونی تۆدایە
ئەوەی ئەم تاجەت لەسەرنێ
خۆشەویستی کوردو خوایە

هەولێر
١٩٩٤/١١/٩

## گوزەرانی ئاوارەکان

بولبولێکی
نێو قەفەزی
کۆشکەکەی حەسیب ساڵەحم
ماڵ
قەبرستانی سپیە
دانیشتووی ئەمنە سوورەکەم
ئاوارەم و چارەم چییە؟!
جارێ میسری و
جاری قەرەج، تاوێک رۆمم
ئەمە شارەی تێکۆشانەو
دۆڕاوەکەش تەنها خۆمم
بوومە پەیژەو
بەسەر پشتی منا رەفتن
بەسەر لاشەو، وونکردنی
باوک وبراو کەسی من
لەئەم جەولەدا سەرکەوتن
جەولەی دادێ، هی مێژووە

هی ئەوانەی،

ڕووحیان لەسەر دەستیان بووە

ئای دەبینن لەم جەولەدا

هەر ڕەنگەو کاڵ ئەبێتەوە

تەنیا ڕەنگی

شەهیدان و،

ئێمەی ئەنفال و ئاوارە

ڕەنگەکانمان ناچێتەوە

دەبن بەمۆر

بۆ نێو چەوان

ئەوانەی هەردەم نەخۆشن

بۆ ئەوانەی

بەسرنج خوێنمان دەفرۆشن

هەولێر

١٩٩٤/١١/٩

## شاری دڵسۆزان

هۆ شارەکەی
رەش هەڵگیرساو
بەچەخماخەی رق وکینە
خەرمان لۆغەی نەیارەکەت
گەیشتە سەر
منی رەهەنەی شارانیش
پێ خاووس و
ساقۆیەکی پینە پینە
ئەو لەکۆشکی
پارەی دەوڵەتی حەراما
منی خەمیش
حەسیرێک و، پارچە خشتێکم سەرینە
ئەو لەخەندەی خیانەتاو
منیش ناخم
وەکو گشت جەستەم برینە
ئەو خەمخۆری
گیرفان وماڵ

منیش خەمخۆری میللەتم
بۆیە ئەو وا لەخۆشیداو
منیش دەستە مۆی زیللەتم
* مەبەست شاری کەرکووکە

هەولێر
١٩٩٥/١٢/٣

## دایە لۆگ

کچە شوخێکی گەرمیانی
لەگەڵ سۆسکێکا ئەدووا
بەسۆز دەیگووت
تۆ دیلی ناو قەفەزێکی
منیش دیلی
داب ونەریتی نارەوا

هەولێر
١٩٩٥/١٢/١٢



## ماندێلا

ڕەش پێستەکەی
دەروون سپی
تۆ خەڵاتی
ئەتاتورکت کەوەر نەگرد
ووتت فەرموون
لەناو ووڵاتی خۆتانا
بۆ سەعاتێ، ببن بەکورد
منی ڕەش پێست
غاراوی خەم
هیچ شاریەک وەرناگرم
تنۆکی خوێنی پێوە بێ
ئەو شارەیە

دەنگی مت بووی، ماف خوراوی
نەتەوەیەکی لێوە بێ
خۆزگە ئێمەش
ماندێللایەکمان هەبایە
شەڕە کورسیی حزبەکانی
یەک
خست
ایە...

هەولێر
١٩٩٦/١/٣

## گرەو

من وقالاوێک
کردمانە گرەو
ناو زگ من رەشە
یاسەر باڵی ئەو
قالاو کەسەیری ماجەرای کردم
پەنگی خواردەوە
خۆی ئالْکانەدەم
پشووی ساردەوە
دەرکەوت لەسییای
ئەنفالی منە
سەرباڵی ئەوی پێ ڕەش کراوە
سەرباری ئەوەش،
هەنگاوی سەختی سالانی عومرم ..
وەک نەخشەی ئێستای کوردستانەکەم
بەدەم جەختەوە .. دابەش کراوە.

هەولێر
١٩٩٦/١/٢١

## بووکی خوێناوی

کچێکم خۆشەویست
هەر گوڵ بوو
جێگەی دڵ و
یەکە هیواکەی سەرچڵ بوو
ڕۆژێ بووکێ
گەیشتە لام
بەسەر پشتی ماینە شێوە
بینیم گوڵەم وا بەرێوە
ماینە شێکە ..
نەی ویست لەمن تێپەڕێ
وەکو بڵێی پێی زانیوە
داستانی خەمەو ئەگەڕێ
بووکەی کەساس
هوون هوون فرمێسک
بەچاوانیا ئەهاتە خوار
ئازارێ هات
لەناخمدا
بڵاچەیدا، وەک چەخماخەی هەوری بەهار
ڕمبازێکەر

بەدەم تەقەی تفەنگەوە
لەپێش بووکە غاریان ئەکرد
لای ئەو فرمێسک
لای من هیوا،
رەوە رەوە باریان ئەکرد
وەکو پێکانی دڵی من
گوللەیە وێڵ
بووکەی پێکاو کەوتە خوارێ
منیش بوومە خانە خوێیە
بۆ عەشقی خەمی رێبوارێ
لەو رۆژەوە پێم زانیوە
عاشقی راست، بتوێنەوەش بۆیەک نابن
سەد ئەوەندەش
دڵسۆزترو
سەد ئەوەندەش، بۆیەک چابن
ئێمەی دڵدار
ئەگەر وایە بۆ یەک نەبین
دەسا خوایە
چاکتر وایە، زووتر بمرین

هەولێر
١٩٩٦/١/٢١

## خۆزگـــــــه

خۆزگە ئاگر بام
گڕم زەویی داگرتایە
گشت زورداریٚ
بەبڵێسەم بسووتایە
هەزار خۆزگە ..
زەریایەک بام
شەپۆڵەکەم
بەقەی چەوڵک، هەڵبسایەن
نەیارەکان
لەنێوانیا، بخنکایەن
هەزار خۆزگە
برووسکێک بام
دەنگم لەگەڵ
نەرمەی ریژنەی بارانبایە
دژ بەوانەی خاک دەفرۆشن
لەتەوقی سەریم بدایە

هەزار خۆزگە
شەتڵی گوڵە نێرگزێ بام
بەئاورنگی ئەم گەرمیانە
پرچی شەومی داهێنایە
لەگەڵ شەبەقی بەیانا
خۆم قوربانی
کەنیشکێکی
قادر کەرەم بکردایە

هەولێر
١٩٨٩/٢/٣

## فەرهەنگی ووشە

ئەوەی کوردبێ
لەفەرهەنگی ووشەی پاکا
نەخۆشەویست
نەکوردستان
نە نەورۆزی لەبیر ناکا

هەولێر
١٩٨٩



## پـــــــاییز

خەڵکی پایز،ئەبێزێنن
بۆیان بکرێ
دەنگی گەڵا وەریوەکان
ئەخنکێنن
من ئەڵێم نەء
بەبیرم دێ لەپاییزا
لەکوێرە دێیەکی گەرمیان
بایەکی سارد هەڵی ئەکرد
لەگەڵ ڕێژنەی یەکەم باران
ئەیدا بەسەر گردو یاڵا
سوانەی خانوو لەلا کۆڵان

لەقوبەی سینەی خۆی ئەدا
نمە نمەی نەرمی باران
بۆنی خۆڵ وباران وبا
هێندە خۆش بوو بە پاییزان
ئەگەر مردوویش بۆی کردایە
لەخۆشیا گولی ئەگرت
وەک گوڵەباغ ..
گەڵای ئەگرت وەکو قەزوان

هەولێر
١٩٨٩/٧/٢

## گەرمیـان و ئەنفال

گەرمیانەکەی خونچەو پایز ....
یادی تۆیە دەمهەژێنێ
بیرت ئەکەم لە ناخەوە
خەیاڵی تۆ دەمرفێنێ
بۆیە گریان گەرووم دەگرێ و
هەناسەی سارد
ئاهی حەسرەت دەمخنکێنێ
کەیبێ دیسان شادبین بەیەک
وەک دوو دڵدار
دڵم چەشنی تەیری ئازاد
لە گوڵزاری گوڵاڵەی سوور
دەمەو سەحەر بچریکێنێ
بروا بکە گەرمیانەکەم
لانەو بێشەی ئەنفالەکان
هێندە گەورەو شکۆداری
نەک هەر پێدەشت
لووتکەی شاخی "هێمەلایەش

بۆ قوربانیت سوجدە دێنێ
لە تاریکی شەوەزەنگدا
بەبێ هوودە چاو دەگێرم
لە بای شەماڵ من دەپرسم
نەک هەموو رۆژ، هەموو ساتێ
بەڵکو جارێک ئەمە خوایە
هەواڵێکی ئەنفال بێنێ؟؟؟
شەماڵ سەری لێم دادەخا
بەشەرمەوە بە ئەسپایی
شین دەگێرێ، قور دەپێوی
بە هێمنی دەچپێنێ
جێگا نەما من تەی نەکەم
ژێرو ژووری وڵات گەرام
بیابان و چۆڵ و هەردە
لە رەش پێست و سپیم پرسیی
پرسیم لە دار لە بەرد لە هەور...
بەڵکو یەکێک بیدرکێنێ
دوو سەد هەزار کوردتان نەدیی
دێوە زمە بێرفێنێ؟؟؟
پرسیم، ئەی چۆن گوێتان لێنەبووە؟؟

گریەی ساوا، ئاهی پیرێ
ناڵەی دەنگی بێتاوانێ
کچە کوردێک پەلکێش بکرێت ..
دابرانی شیرە خۆرێک
یا ئافرەتێ بقیژێنێ؟؟
ئەی چۆن کێژە کوردتان نەدیی
باڵا نەمام جل ڕەنگاو ڕەنگ
لە سەوز و زەرد، لە سوورو شین
لە ناو "ئیڤا» ئاخنرابێ
یاساوڵی بێ حەیاو شەرم
ڕوورەش وەکو پۆستاڵی پێ
تیرو توانج بوەشێنێ؟؟
ئەی چەند کۆرپەی چاو گەشی کورد؟
لەبەر سینە رفێنران؟
لە گەڵ پیری سیما سپیی
ئەشکی حەسرەت ببارێنێ
دار هاتە جواب من ئەسووتام
هەوریش هەزار سوێندی دەخوارد
لەگەڵ بەردی کوردستانا
بە کیمیاوی من کوێرکرام

چی ببینم لە کاتێکا بە چنگی شەر؟
لە ریشەوە هەڵکێشرام؟؟؟؟
من زۆر گەرام بێهوودە بوو ..
رووی پرسیارت بکە لە خوا ...
بزانە چۆن زەوی و ئاسمان؟؟
نەهاتنە یەک وەرنەگەران؟؟
خۆیان راگرت لەبەر تاوان؟؟؟
١٩٩٦
هەولێر

* ئەم شیعرە لە رۆژنامەی هەرێمی کوردستان ژمارە (١١) رۆژی سێ شەممە ١٦-٠٤-١٩٩٦ بڵاوکراوەتەوە و لە کۆری ماتەمینی ئەنفالەکان لە هۆڵی گەل لە هەولێر خوێندرایەوە...

## گوزەر

شەقامەکە، بەپەلە بوو
بنی پێی بەجێ ئەهێشتم
گەیشتمە تۆ
نەمتوانی رازی خۆم بڵێم
پەنجەم لەرزی
زمان لەنگ بوو
هەڵ ئەنگوت پێم
بەسیماتا
دیاربوو یەکەم
هەنگاوی عەشقت ئەزانی
لەوساتەوە
بوومە دەروێش
بۆ چاوی تۆو
بۆ پیری غەوسی گەیلانی
ئەوەی لەدڵما جێگیر بوو
حەزم دەکرد پێتی بڵێم
بەڵام گیانە
ئەوسا وئێستاکەش نەمتوانی؟!!

ئەگەر رۆژێک
بەناو باخچەی شیعرەکانما گوزەر بکەیت
سەرژمێری خواستەکانم، ئەکەیتەوە بەئاسانی
رەنگە درکیش بەوە بکەیت
ئەبێ چی بێت، بۆ ئەم دڵەو
بۆ زامەکانی گەرمیانی!!

هەولێر
١٩٩٨/٢/٣

## "شمشاڵەکەی مام نەزەرو
## دەنگی حەسەن ئایش "

ئەمشەو لە خەوما چووم بۆ کوردستان
بۆ سەر هەوارگەو، جێ ڕاوی جاران
تەماشا ئەکەم گەرمەی بەهارە
دەشت و دەر رەنگین، پڕ لالەزارە
گۆیژو کەنگر، تووڕک و ریواس
گوڵە خاتوونەو، شیلان و گێلاس
کلاوە سوورەو، چاو بازە و هەپڵۆک
ستک و قەزوان، خەرتەلەو پێشۆک
وا دەشتی (بێلان) ١ چون فەرشی کاشان
پڕ لە گولاڵەی زەردو سووری جوان
شاخی (چەولک) و هەردەی (هووکانیی) ٢
قەڵەم ناتوانێت وەسفی کات جوانیی
خورەی ئاوی چەم، دەنگی سوێسکی نێر
نە دڵ ئەیبێزێ و نە چاو ئەبێ تێر
لە ناو قومەکەی " دەرەمیرەسەن»٣
کۆمەڵێک منداڵ وا " سێ باز ئەکەن "٤
دە دوانزە پیریش بەر دیوەخانن
خەریکی (دامە)، یا(نۆرسکانن)٥

لــەولاوە دووکــەڵ دەچــێــتــە ئــاســمــان
چــایــی لــێــدەنــێــن بــۆ نــان نــیــوەروان
وا کـــۆڕی یـــاران گـــەرم و بـــە تـــاوە
کــەشــک و دۆ ئــەخــۆن بــە نــان و چــاوە
بــرێ کــێــژۆڵــەو، هــەنــدێ کــورگــەلــە
شــایــی دەگــێــرن بــەدەنــگ (دووزەلــە) ٦
سەدای (قەتارو) و (خاوکەر) و (وەی وەی)٧
ســەرخــۆشــت ئــەکــات، بــێ ئــارەق و مــەی
وا (حــەســەن ئــایــش)٨ ئــەچــریــکــێــنــێ
دەنــگــی زولاڵــی، کــێــو دەهــەژێــنــێ
مــامــە (نــەزەریــش)٩ هــێــنــدە وەســتــایــە
لــەگــەڵ شــمــشــاڵا، ئــەوەنــد ئــاشــنــایــە
کــە شــمــشــاڵــەکــەی خــســتــە ســەر لــێــوان
هـــەر ئـــەوەنـــدەیـــە نـــایـــەتـــە زمـــان
کـــامـــە گـــۆرانـــی و مـــەقـــامـــت دەوێ؟
نــە ریــتــم و ئــیــقــاع، نــە نــۆتــەی دەوێ
ئەوە سەحەرەی پای (هەیبەت سوڵتان)
یــا (ئــەلاوەیــســی) دەشــتــەکــەی گــەرمــیــان
(شــیــریــن بــەهــارە) و (بــەرۆکــم بــەردەن)
(لە نێو سابلاغ) و ( زوڵــێــخــام زەردەن)

هەموو پێکەوە رۆژ ئەبەنە سەر
بێ ئازارو ژان، بێ خەم و کەسەر
منیش پرکەیف و پر شادی و دەماخ
وەک باڵندەی کێو، لەم شاخ بۆ ئەو شاخ
بەڵام لە ناکاو راپەریم لە خەو
نە سوێسکە دیارە، نە بولبول، نە کەو
لە ژوورێکی سارد، بێکەس و حەیران
بێ دەنگی شمشاڵ، بێ کۆڕی یاران
ئەوجاکە زانیم، کە چەندێ دوورم
لە کوردستان نیم، من لە (تیموورم) ١٠
تیمووری خۆرهەڵات
٢٠٠١

١و٢و٣ : ناوی هەردەو چۆم و دەشتە لە ناوچەی قادرکەرەم..
٤و٥: ناوی یارییە (وازیی، گەمە)یە کە بەزۆری پیرەمێردەکان بۆ بێتاقەتی و کات بەسەربردن دەیکەن...
٦ : دووزەلە، ئامێرێکی مۆسیقای میللییە لە قامیش دروست دەکرێت و هەندێ جاریش لە لەلاقی باڵندەی (داڵ) ئەم ئامێرە لە گەرمیاندا زۆر باوەو شایی و زەماوەندی پێدەگێرن ...

٧: ٣سێ گۆرانیی ناوچەی گەرمیانن ..
٨: حاجی حەسەن ئایش : پیاوێکی رۆح سووکی قسەخۆش و بەرێزە و دەنگیی تا بڵێیت خۆشەو وەستایەکی کارامەی گۆرانییە تایبەتەکانی ناوچەی گەرمیانە وەک (قەتارو ئەلاوەیسی و ئای ئایو خورشیدیی و خاوکەر و....تد) خەڵکی قادرکەرەمەو خۆشەویستی خەڵکی گەرمیانە، مام حەسەن ئایش لە کۆری زیکریشدا بە دەنگە خۆشەکەی سەلاواتیشی ئەخوێند، ئیتر ئەم مرۆڤەدڵپاکە لە هەر جێگایەک بوایە گوڵی مەجلیس و دیوەخان و تەکیە بوو...
٩: مام نـەزەر، پیاوێکی بێدەنگ و لەسەرخۆ بوو تاکو خۆی ئارەزووی نەبوایە شمشاڵی نەدەژەند، بەڵام کە دەستی بدایەتە شمشاڵەکەی ئیتر هیچ جۆرە ئاوازێکی بەلاوە ستەم یان قورس نەبوو،ئەم هونەرمەندە هەر بە سەلیقە شمشاڵی دەژەند بەڵام ئەوەندە وەستا بوو بە هیچ شێوەیەک لەئاوازەکانا بچووکترین هەڵەی نەبوو، ئەمیش هەر خەڵکی قادرکەرەم بوو، قادرکەرەم خاوەنی دەیـان نیشتنمانپەروەری هەڵکەوتوویی وەک شەهید (شێخ مـارف بەرزنجی و شێخ حوسێنی بەرزنجی) و زانای ئاینیی پایەبەرز (شێخ حەسەنی قەرەچێوار)ە.
١٠: تیـمـووری خـۆرهـەڵات : دوورگـەیـەکـی بچووکە لەسەر ئۆقیانووسی هیندی و ساڵی ٢٠٠٠ بووە یەکەم وڵاتی سەربەخۆ لە هـەزارەی سێهەمدا، پێشتر لە لایەن وڵاتی ئەندەنووسیاوە داگیرکرابوو.. ناوی راستیی (تیموورە نەک تەیموور) بەڵام ئێمە هەروا ناوەکەی دەڵێین کە هەڵەیە.

## ســـۆزی کوردستـــــان

یەکە یەکە دەمارە خوێنبەرەکانی دڵم دەربێنن
ئەگەر دەمارێکتان دیتەوە لەسەری
ناوی کوردستان نەنووسراوە
ئاگرم تێبەردەن و خۆڵەمێشەکەیشم
بدەن بە دەم "بـا "وە
کوون و قوژبنی مێشکم بگەڕێن
ئەگەر یەک خانەتان دیتەوە
زیکرو تەهلیلەی کوردستانی نەدەکرد
وردوخاشیکەن، ئەو مێشکەم ناوێ
پیسە، بەتاڵە، نەگریسە، گــڵاوە
گلێنەی چاوەکانم دەربێنن
ئەگەر سۆماکانی وێنەو نیگاری
شاخ و هەردەو کانیی کوردستانی
تێدا نەبوو،
هەڵیکۆڵن و تووڕیدەن
باهەر نەبێت، من نامەوێت ئەو چاوە
ئەگەر هەموو ئەوانەی گوتم راستبوون
مەردی خوابن لەبیر مەکەن

گەر مردم، تەنیا وەسیێتم ئەمەیە
تەرمەکەم بسووتێنن و
خۆڵەمێشەکەم لە شووشەیەک بکەن و
لەسەری بنووسن یاران
لە حەسرەتی تۆ مرد
ئەی کوردستان

تیمووری خۆرهەڵات
٢٠٠١

## بۆ کوێ ئـەچی؟

خەڵکی تیموور لێم دەپرسن
.. لەبەر چییە؟
وا خەم؟ بە ڕوخسارتەوە دیارە؟
بۆ هەناسەی سارد .. هەڵدەکێشێ و .. چاو لێکدەنێی ..
سەفەر دەکەی .. بـۆ کوێ ئەچی؟
بۆچی جارجار هەروەکو شێت؟
ملی ڕێگا دەگری و دەڕۆی؟
هەندێ جاریش .. هەر بە بێ هـۆ؟
لەگەڵ خۆتا .. تـۆ دێیتـە گۆ؟
بۆ کوێ ئەچی؟
تۆ هەندێ جار میهرەبانی
زمان شیرین..زۆر خۆشحاڵی
هەندێ کاتیش توونـدو تیژی؟
نێو چەوان گـرژ ترش و تاڵــــی؟
گەلێ جاریش پێدەکەنی یاخود ماتی؟
تۆ خەڵکی کوێی؟
یا ئاوارەی کام وڵاتــــی؟

بۆ کوێ ئەچی؟
گوتم قوربان وا باشترە نەپرسن لێم
ناوم چی یە؟
لە کوێ هاتووم؟
یاخود من کێم؟
من ئاوارەم
من غەریبم
من بێ نەوام
ئەمڕۆ لێرەم
خوا ئەزانێ سبەی لە کوێم
دیسان وتیان بۆ کوێ ئەچی؟
گوتم برا، وڵاتەکەم
بە نەشتەری دوژمنانی لەت کراوە
خەڵکی ئەوێ وەک گەڵایە بەدەم "بـا» وە
سەدان هەزار کەسی ونــە
بەدەیان جار ژەهری کیمیای تیا ڕژاوە
دەلێم گەڕێن دەردەکەی من زۆر گرانە
دیسان وتیان بۆ کوێ ئەچی؟
دەمار گرتمی هاوارم کرد من قیژانم
، گوتم خەڵکان من ئاوارەی گوردستانم

ئەو وڵاتەی پەنجە دانێی لە هەر شوێنێک
ئەگەر بەردە، ئەگەر دارە یا کانیــاوە
هەزار سوێندتان بۆ دەخۆم و درۆ ناکەم
لە جێ پەنجەم خوێنی کوردی تیا ڕژاوە
واقیان ورما گشت حەپەسان
هەموو
پێکەوە پرسییان کام کوردستان؟
تو خوا بڵــێ کە کورد کــێیە؟
لەسە خۆم دا گوتم هاوار
گشت ئەوروپاو ئوستراليا
ژاپۆن و چین بە ئەمەریکاو کەنەداوە
سەرگۆی زەوی ئەم جیهانە
هەموو شوێنێ کوردی لێیــە
چۆن نازانن کە کورد کێیــە؟
وتیان قوربان، لێمان مەگرە
چوار سەد ساڵ و هەندێکیشە
ژێر دەستە بووین
نەیاندەهێشت چاو کەینەوە داگیرکــەران
ناوی خۆمان نەزانیوە نەک کوردستان
ئێستا زانیمان بۆ لێو بەباری

بۆ هەردەم مات و وێڵ و خەمباری
کاکەی گەرمیانی لێک بنێ چاوان
ئۆغرت خێر بێ بەرەو کوردستان

تیمووری خۆرهەڵات:
فەخرەدین گەرمیانی/ ٢٠٠١

کە لە تیمووری خۆرهەڵات کارم دەکرد .. وەک شتێکی ئاسایی خەڵکی ئەو وڵاتە لێیان دەپرسیم "خەڵکی کوێی " کە دەمگوت خەڵکی کوردستانم نەیاندەزانی، کوردستان لە کوێیەو کورد چییەو، جیاوازییان لەگەڵ عارەب و تورک فارس چییە؟ ئیتر ناچار دەبووم کە باسێکی دوورو درێژیان بۆبکەم دەربارەی کورد و کوردستان ... ئەم مەسەلەیە دەیان جار دووبارە دەبووەوە تاکو بووە هۆی لەدایکبوونی ئەو پارچە هۆنراوەیەی سەرەوە لە ساڵی ٢٠٠١ و خۆشبەختانە کە لە ساڵی ٢٠٠٢ کارەکەم تەواو بوو لەوێ زۆربەی خەڵکی تیموور بە تایبەت حکومەتە ساواکەی بە چاکی کورد وکوردستانیان ناسیی و بووە مایەی شانازیی بۆم کە بتوانم خزمەتێکی بچووکی گەلەکەم بکەم....

## قومێک ئاو

نە هاژەی با
نە خوڕەی چەم
نە دەنگی مەل
لەم وڵاتە
بەقەد موویەک
نامهەژێنێ
نە مۆسیقا، نە گۆرانی
هەرچەند خۆشبێت، هیچ ئاوازێک
لەم دوورگەیە هەستی شیعر
یا ئەندێشەم
نابزوێنێ
کانی سینەو
دەریای هەستم
وەکو " عەر عەر» ❊
وشک و زڕە، بینابیم کوێر
وەک شەوانی
" هەیئەی کەرکووک " ❊
ئەنگوستە چاو تاریکەو تار
هیچ نابینێ

پەنجەم سڕە
وەک ئەوانەی توند کراون
لە " ئەبو غریب» ❊
قەڵەم ناگرێ
زمانم لاڵ، هیچ نابێژێ
هەرچی ئەکەم
فریاد و داد
کەسێک نیە
بێتە فریام
لەم شەوە زەنگە
ترووسکاییەک دڵم خۆشکات
تۆزێک هەستم
بجوڵێنێ
کەڕو کاسم، مێشکم تەپە
گێژو وێژم، لە جێی دەنگی
ئاوازی خۆش
سازێ، تارێ
نەوای شمشاڵ
گورگە بۆری
دەشتی " عۆجە " ❊
بە چوار کەڵپە لە ناخمدا

ئەلورێنێ
فریام کەون دۆست و یاران
لە گشت جەستەم
ئاهی حەسرەت
نووزەی ئەنفال
چووزەی خەمە
سەر دەردێنێ
هەتا ماوم
بە یەکجاری نەفەوتاوم
مەردی خوا بن
لە کوردستان
لە ڕوبارێ،یاخود چەمێ
لە کانیاوێ
بۆم بهێنن قوومە
ئاوێ
گەر خواردمەوە
دڵنیابن لە ژیاندا
هیچم ناوێ، هیچم ناوێ، هیچم ناوێ

ئوستراليا – ٢٠٠١/٧/٢٧

عەر عەر: بیابانێکە دەکەوێتە نێوان سنووری عێراق و شانشینی سعودی عەرەبی یەوە دەڵێن ژمارەیەکی زۆری ئەنفالکراوەکانی ساڵی ١٩٨٨ لەوێ زیندە بە چاڵکراون.
هەیئەی کەرکووک : دەزگایەکی سیخورییە لە شاری کەرکووک جێگەی ئەشکەنجەدان وزیندانێکی ترسناکە ئەو کوردەی بەعس بیگرتایە دەیانبردە ئەوێ بۆ لێکۆڵینەوە.
ئەبو غرێب: گەورەترین بەندیخانەی ئاشکرای عێراقە لە بەغدادی پاتەخت، جێگای خنکاندن وهەڵواسینی تایبەتی تێدایە.
عۆجە : ئەو گوندەیە کە دیکتاتۆری عێراق سەدام حسێن تێدا لە دایک بووە و سەر بە شاری»تکریت

## بەختی کورد

برِیارم دا بە نهێنی
"کوڵ» ێک بگرم
لە بەختی کورد
بە دوای کەوتم
بە ئەسپای
وڵات، وڵات
دوورگە، دورگە
تا بزانم بەختی هەژار
چ دەبێژی و رەفتار ئەکا
لە گەڵ ئەوان
بەختی کڵۆڵ
ڕووی ئەکردە
هەر وڵاتێک، یا جێگایەک
خۆشبەختەکان
تێی ئەکەوتن
ئەم کون ئەو کون
بە دار بە شەق
بە بەرد باران

هەموو پێکەوە
هاواریان ئەکرد
ئەیانقیژان
نەکەی نزیک ئێمە کەویت
ئەی بەختی ڕەش
کۆڕی ئێمە هی تۆ نی یە
تۆ بە تەنیا بە ناو بەختی
چارەت ڕەشەو
دەربەدەری و
زۆر سەرسەختی
لاچۆ لێرە لەبەر چاومان
بەختی هەژار
ئە یگوت یاران
دەلێم گەڕێن تەنیا ساتێک
لەگەڵ ئێوە
بەسەربەرم
تا تێ بگەن لەبەر چی یە
چارەم ڕەشەو
قوڕ بەسەرم
دەگوێ بگرن پێتان بڵێم

ناوم کوردە
بە ژمارە چل ملیۆنین
بە زیاد نەک کەم
سەدان ساڵە
ئەشک و خوێنە
سووتەمەنی
نەورۆزەکەم
ئێوە خۆتان چاک ئەزانن
لێتان ڕوونە
لە پێش مێژووی
ئێوە من هەم
من خاوەنی "شانە دەر» و
قەڵای چەرمو و هەولێری کۆن
منم خاوەن گڕی زیندووی
بابە گوڕ گوڕ
نەخشی مێژوی دەربەند "کاوڕ»
لەکێ وونە
بە شایەتی هەموو مێژوو
کەشتی "نوح» یش
هەر لای منە

میژووم پڕە لە سەروەری
سەربەرز وەک کێو
تەنگژەی زۆرم
بەزاندووە
زۆرم دیوە
هەوراز نشێو
نە ئەنفال و نە کیمیاوی
نە زیندان و ئەشکەنجە
نە پەتی سێدارە و هەڵواسین
نە بڕینی دەست و پەنجە
بە قەد موویەک
نامهەژێنێ
چەندتان کردووەو بیکەن
نەک لاوێکیش
بەڵکو منداڵێکمان
ناترسێنێ
هێندەم هەیە
داستان و داد
وەک مەم و زین
شیرین فەرهاد

ڕاستە کە من
بەختی کوردم
بە شانازیش هە تا ماوم
کوردستانیم
باش بزانن لە بیر نەکەن لە مێژودا
ئێوە شەقیش بەرن
خاوەن یەکەم شارستانیم

تیمووری خۆرهەڵات
٢٠٠٢

## چوار چرا

زۆر دەمێکە ژان دەمگرێ
ئۆقرە ناگرم، وەک مەلۆتکە
دەزیڕێنم
وەکو دەروێش بۆ شێخەکەی
چۆن حاڵ دەیگرێ
یا سۆز دەکات
منیش تەنیا بۆ تۆ و یەزدان
کڕنۆش دێنم
خۆزگە ئێستا، لێرە دەبووی
بە چاوی خۆت تا ببینی
میللەتەکەت چۆن لەت لەتە
خوێنی یەکتر دەخۆنەوە
دل ڕەق وەک ئاسن و بەرد
گوایە نەختێک بارمان
سووک کەن، پێچەوانە
زامەکانمان بە خوێاووک
دەشۆنەوە
ئەی پێشەوا
چیت بۆ باس کەم؟ کە ڕۆیشتی

بەرەو بەهەشت، ئۆغرت کرد
لە چوار چرا
نەگبەتی هات یەخەی گرتین
وڵات پڕ بوو لە تاعوون و
دەردو بەڵا
زۆر پێم شەرمە، کە بۆت باس کەم
لەم ڕۆژەدا، چ ڕوو دەدا
دەستمان چووە خوێنی یەکتر
هەر بە فیتی داگیرکەران
کوشتن، بڕین
ئەتک کردن، تادەگاتە
ناموس بردن یاخود تاڵان....
چیت بۆ باس بکەم
هێندە ئازاین بۆ گیانی یەک
بۆ خۆ کووشتن
بەربەست نەما، ڕێگە بگرێ
دژی دوژمن
دوژمنیش بە کاوە خۆی
لە گەڵ دەرکەوتنی
خۆری دەم کەل
دایان گرتین بە کیمیاوی و

گازی خەردەل
دووسەد هەزار بێتاوانیش
لە پیاو لە ژن یاخود مناڵ
بێ جیاوازی بە زیندوویی
خرانە چاڵ
بەم کارەساتەش بە داخەوە
دەڵێن " ئەنفال»
چیت بۆ باس کەم
زەنگوڵ زەنگۆڵ ئارەق دەکەم
لە گەڵ فرمێسک تێکەڵاوە
هەزار خۆزگە سووری
زەمەن پەنجاو حەوت ساڵ
دەگەڕاوە
ئاخ پێشەوا، من عیسی نیم
بە ئیزنی خوا، تا بانگت کەم
هەستیتەوە، تا ببینی
لە کوردستان چ قەوماوە
ئەی سەرۆکی کۆمارەکەم
خۆشەویستی کوردی بێکەس
بۆ لای تۆیە، هاوارەکەم
دە هەستەوە جارێکی تر

وەرە ناومان
تەنیا هەر تۆی کە بتوانیت
دامەزرێنی کۆماری کورد
بۆ کوردستان
خۆ دەزانم
گیانی پاکت
لەگەڵ قافڵەی
گشت شەهیدان
بە ئاسمانی کوردستان و
چوار چرادا
وەک باڵندە دەخوولێنەوە
زامەکانی جەستەی ئێمەش
گشت بە هارێ
لەم ڕۆژەدا..... دەکوولێنەوە

خاکەلێوەی ٢٧٠٢ کوردی
٢٠٠٢ ی زاینی

پێشکەشە بە گیانی پاکی پێشەوا قازی محەمەدو هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەلی کوردستان.

## پــرسیـــارو وەڵام؟

له دارستانی تیموورم* پرسی
تۆ گەشترو سەوزتری؟
یا دارستانی کوردستان؟؟
گوتی من !
پرسیم بۆ؟
گوتی من کیمیاویم بەر نەکەوتووە
وەک ئەوان ..
لەرووبارو کانیاوەکانیم پرسی؟
ئێوە سازگارترن یان ئەوانەی کوردستان؟؟
گوتیان ئێمە ..
پرسیم بۆ؟؟
گوتیان ئێمە ژەهراویی و
چیمەنتۆ ڕێژنەکراوین وەک ئەوان ...
لە باڵندەکانیم پرسی؟
ئێوە سەربەستترن یان ئەوانەی کوردستان؟؟؟

گوتیان ئێمە، پرسیم بۆ؟؟
گوتیان ئێمە هێلانەو جێگەمان
وێران نەکراوە، وەک ئەوان ...
ناچار لە خەڵکەکەم پرسی؟؟
ئێوە بەختیارترن یان گەلی کوردستان؟؟
گوتیان ئێمە بێگومان .. پرسیم بۆ؟؟
گوتیان ئێمە ...
نە ئەنفالمان دیوە و نە راگواستن و
نە کیمیاوی و نە ئەشکەنجەو نە زیندان
وەک ئەوان ...
ئازادو سەربەستین و بووینە خاوەنی
وڵاتی سەربەخۆیی خۆمان ...
ئێستا تێگەیشتیی لەبەر چی؟
رووبارو کانی و دارستان، خەڵک و باڵندە
سازگارترو، سەوزترو، بەختییار ترن،
لەوانەی هەن لە کوردستان؟؟؟
گوتم بەڵێ تێگەیشتم ...
ساهاوارە،

زەوی، دارو بەرد، ئەستێرە، شاخ و کێو
مانگ و خۆر، هەی ئاسمان !!
ئێمە تازە دەستمان شتووە لە
سەرکردەکانمان!
هاوارە چارەیەک بۆ کوردستان ....

تیمووری خۆرهەڵات -٢٠٠١

* تیمووری خۆرهەڵات : دوورگەیەکی بچووکە لە ساڵی ٢٠٠٠ سەربەخۆیی بەدەستهێناو لەوڵاتی ئەندەنووسیا بۆ بەکجاری جیابووەوە و کوردستانیش بۆ ماوەی سەدەیەکە خەبات دەکات و هیچی بە هیچ نەکردووە ....

## شین ناگێڕم

ئەی شاگوڵی نێو باخی کورد
تا دونیا ماوەو
کورد بمێنێ
تا پەڵە هەورێک
باران بێنێ
تا کانیاوی ناوقەد " چیا "
تا ڕوبارو ئاسمان و " با "
تا باسەرەو '... سیروان مابێ
تا شادەماری
کوردێک
خوێنی تیابێ
تۆ هەر ماوی و
هەر دەمێنی
هەڵمواسن دەست لە زنجیر
پێیان لە کۆت . ..
شین ناگێرم،
قەت ناگریم بۆت
تۆ دار بەڕووی، دار قەزوانی

هەڵۆی بەرزترین لوتکەی
چیاکانی
کزەی جەرگ و هەناسەی
دایکی هەموو شەهیدانی
شنەی شەماڵ، هاژەی چەمی
رەوێنەری نائۆمێدی و
خەم و تەمی
پەنای دڵی هەژارانی
خەندەی لێوی هەموو کوردی
سۆمای چاوی
هەمووماني
چەپکە نێرگزی بەهاری
خۆشەویستی خەڵکی لادێ و
سەرجەم شاری
تۆ ئەستێرەو مانگ و خۆری
تۆ ئاوازی تا هەتایی
شادی و ژیانی
هەڵمواسن دەست لە زنجیر
پێیان لە کۆت .....
شین ناگێرم، قەت ناگریم بۆت

بەڵام گەورەم ڕێگام بدە
پڕ بە دەم و پڕ بە دنیا
هاوار بکەم .....
تف لە چارەی بەدی
ئاخوندەکان
تف لە کردەوەی نالەبارو
تف لە ئیشیان
تف لە عەمامەو
تف لە ریشیان

پێشکەشە بە گیانی پاکی شەهیدی نەمر دکتۆر قاسملوو وهەڤاڵەکانی کە بە دەستی ئاخوندە خوێنرێژەکانی قوم و تاران لە ساڵی ١٩٨٩ دەستی ناپاکیان چووە خوێنی ئەو پۆلە قارەمانە لەشاری ڤییننەی پایتەختی وڵاتی ئوتریش لە کاتی گفتوگۆی ئاشتی بەڵام کەی ئەو دڕندانە مانای ئاشتیان زانیوە یان دەیزانن؟

تەمموزی ٢٠٠٣
کۆنگۆی دیموکرات

## باڵندەکەی چیای سەفیـــــن

سەفەر مەکە، چاوەروان بە
باڵندەکەی چیای سەفین
تا بارگەم لێکدەنێم و
هەگبەی خەمەکانی غەریبیم
لە کۆڵ ئەکەم ..
لەم تاراوگەوە سەر هەڵئەگرم
دێمەوە بۆ حەجی قەڵا و
سەدو یەکجار تەوافی
منارەی چۆلی دەکەم ...
سەفەر مەکە، چاوەروان بە
باڵندەکەی چیای سەفین
نەکەی دەستی زەردەشت بەردەی
چاوەروان بن ئەمجارەشیان
شیعرم زۆرە
بۆت بخوێنمەوە لە " چوار چرا " *
تاکو بۆمیان راستکەیتەوە
چاوەرێم کە
بارێک خەمی دووری وڵات

رازونیازم هەیە، بۆ تۆ " بــرا "
دەتگوت نەکەی سیاسەت و
شیعری ناسک تێکەڵاو کەی،
شیعر گوڵە، پەپوولەیە، هەناسەیە
ترپەی دڵە پر لە خورپەی بەرزو نزمە
شیعر ئاوێنەیە و تاسەیە
سەفەر مەکە، چاوەروان بە
هەرکە زانیت وا هاتمەوە
بە دڵێکی شکاوو
دەریایەک کەسەرو خەم ..
سەدو یەکجار بۆ گڵکۆی تۆو
هاورێکانت کرنۆش ئەبەم ..
لە پاڵ سێبەری قەڵاوە
بەرانبەر شێخی چۆلی
روو لە گەرمیان و کەرکووک
لە سلێمانی و دهۆک
لەهەر چوار پارچەی کوردستان
لە شەقڵاوەو سەفین ئەکەم..
تا هێزم تیایە دەنگ هەڵئەبرم و
هاوار ئەکەم ..

هۆ جنۆکەکانی " تۆرا بۆرا» و
کەللە پووچەکانی چاخی بەردین
دوژمنانی خۆشەویستی و
نەگریسەکانی هەموو سەردەم ..
دڵخۆش نەبن درندەکان ...
بەوەی پەری باڵی باڵندەکان
بە گری ئاگری نامەردیی
ئێوە سووتان !
دڵخۆش نەبن هەی گەوجینە !
کاروانی ئازادی پەک ناخەن..
گەر چەند مۆمێکتان کوژاندەوە؟
لە جێگەی ئەو مۆمانە ...
لەسەر هەموو لووتکەی شاخێک !
لە گشت دۆڵ و پێدەشتێکدا !
لە هەموو پارچەکانی کوردستـــان ...
چل ملیۆن مۆم، وا داگیرسان ..
قورتان بەسەر بۆ کوێ ئەچن؟؟؟
لە دەست تۆڵەو زەبری کوردان؟؟
٢٠٠٤/٠٢/٠٦

کۆنگۆی دیموکرات

پێشکەشە بە گیانی پاکی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، هاوڕێی خۆشەویستم کاک مەهدی خۆشناو و ئەو دوای شەهیدەکانی جەژنی قوربان کە بە دەستی ڕەشی تیرۆرستانی کەللەپووتەکانی چاخە بەردینەکانی ئەشکەوتەکانی "تۆرابۆرا» لە ڕۆژی ١٠-٠٢-٢٠٠٤ لە شاری قەڵاو منارەی هۆلاکۆ بەزێن هەولێری هەمیشە قارەمان بە ناهەق شەهیدکران..

* لەگەڵ شەهید کاک مەهدی خۆشناو لە کاتی سەردانم بۆ کوردستان

شەوی ٢٠٠٢\١٢\٢٢ داوەتی کردم و پێکەوە لە ئوتێلی چوارچرا دانیشتین و باسی شیعرو ئەدەب و یەکێتی نووسەرانمان کرد ئەوە دواجار بوو کە بە دیداری شادبم ...



**" بوخچەکەی مریەم* "**

داوا مەکە بوخچەکەم بکەمەوە
نایکەمەوە؟
ئەم بوخچەیە ڕاز و نیازی،
کوڕو کناچەیەکی گەرمیانە و
پڕە لە نهێنی ئەنفال !!
هەڵی ئەگرم تاکو سەت ساڵ !
بۆ بیکەمەوە؟
ئەم بوخچەیەم لە چوار لاوە گرێداوە !
بە چوار گرێی بەهێز، شەتەک داوە !
یەکەم گرێی خۆشەویستیی
کوردستانە
دووەم گرێی، کڕووزانەوەی

ئەو گەرمیانەی کە وێرانە !
سێهەم چاوەڕوانیی، دڵدارەکەم تا دێتەوە !!
چوارەم ناڵێم، خۆت بیزانە !!!
نایکەمەوە ئەم بوخچەیەم !
چەندین ساڵە چاوەڕوانم
تا ئەو کراسە گوڵباتمانەی لە کەرکووکەوە
باوەم هێنای بۆ شاییەکەم،
بۆ شەوێک بێت لەبەری کەم و
بچمە ژوانی دڵدارەکەم
ئاخ، حەسرەت کوشتمی و تەمەن ڕۆیشت
نۆزدە ساڵە چاوەڕوانم،
نە دڵدارەکەم لە سەفەری لمستان هاتەوە
نە خەونێکی ئارامبەخشیش بوو بە میوانم،
بۆیە من بوخچەکەم ناکەمەوە،
تا ئەو مێخەکبەنەی دامنابوو
لە ملیکەم بۆنەکەی نەچێ بە خۆڕایی
بە لووت و کەپووی بەرپرسانا،
ئەو کراسە گوڵباتمانە و کەوای خامەک
باوەم هێنای بۆ شاییەکەم
نەڵێن کۆنەیەو باوی نییە لەم زەمانە،
کنا باوانێکتان ئێژن ئێستا،

باوی جاش و خۆفرۆش و خائینانە،
بەرپرسەکانی کوردستان، باسی ئەنفال ناکەن!!
کۆشک و تەلار بەرزئەکە نە وە، بێباکانە
ئەنفالی چی؟ کۆشکە هێمای سەرکەوتنی
شۆڕشگێڕە دزەکانە،
دەلێمگەڕێن با بوخچەکەم چۆن گرێداوە،
باهەروا بێت،
بڕوا بکەن گەر بوخچەکەم بکەمەوە!!
چ ئابڕووتان هەیە؟
وەک دووکەڵی سووتاندنی خانوەکانمان،
لە گەرمیان و لەکوێستان و بادینانا
وەک گەردەلوول باریک باریک
هەمووی دەچێتە تاقی ئاسمانا !!
با بوخچەکەم نەکەمەوە !!!!!

کۆنگۆی دیموکرات ١٦-٠٦-٢٠٠٧

* بوخچەکە ی مریەم : بیرۆکە ی ئە و شیعرە ی سەرەوە لە وتارێکی بڵاوکراوە ی گۆڤاری ساڵنامەی ئەنفالستانی ژمارە ٤ ی ڕێکەوتی ١٤-٠٤-٢٠٠٧ وەرگیراوە، گێڕانەوەی بەڕێز عاسی فرود و داڕشتنەوەی بەڕێز کاک (عومەر محەمەد) ە سەرنووسەری گۆڤاری ئەنفالستان.

## ئەمشەو

ئەمشەو
بۆ سۆی سووتانی رۆحم دێت
گوێم لەقرچە قرچی گڕە
لە دارستانی ووشکی
جەستەم بەربووە
ئەمشەو
گوێم لە دەنگی سەڵاواتە
تێکەڵاوی سەدایە
دەنگی تەپڵ و دەفە
لەبەردەم ئارامگەی
پیری قەرەچێوار
ئەڵقەی زیکری خودایە
ئەمشەو
گوێم لە زیڕەو هاوارە
چاوم لە قوڕ پێوانە
ژاوەژاوە
منداڵانی ئەنفالە بە کۆمەڵ
ڕاپێچکراون بۆ دۆوەخەکەی

تۆپزاوە
ئەمشەو
گوێم لە گریەو زایەڵەی
پوورە "فەریدە»
بۆ کڕووزی هەناسەی دەکەم
دەستەو ئەژنۆ دانیشتووە
لە پاڵ دیوارە ڕووخاوەکەی
کۆمەڵگەی "قادرکەرەم»
هۆن هۆن فرمێسکی وشک
دەبارێنێ
ئەمشەو
گوێم لە زیکە زیکی
زنجیری تانکە
لە گرمە گرمی
ماشێنی ئیڤایە
وەک ئەژدیها دەمی داپچڕیوە
بە سەدان لاوی کوردی
هەڵ لووشیوە
قەت پڕنابێت
وەک دۆزەخ وایە

ئەمشەو
گوێم لە دەنگی ناسازی
موستەشارەکانە
بە کڕنۆشەوە بە زەلیلی
بە ئەفسەرە دڕندەکانی
خوێن ڕێژەکەی "تکریت»
دەڵێن
" نەعم سەیدی»
ئەمشەو
بەری ئاسمان دووکەڵێکی
چڕی ڕەش گرتوویەتی
وەک ڕوخساری خۆ فرۆشەکان
تاڵ و تاریکە
ئەمشەو
بۆنی سووتانی
خەرمانی دەغڵ و دانی
گەرمیان ئەکەم
هەردەو کانیاوەکانی
سکاڵا دەکەن و قوڕدەپێون

ئەمشەو
شایی شەمشەمە کوێرەو کونەپەپوە
هی قالاوە
زەماوەندی داڵە
وەرنەوە "کۆتری سپی یە»
سەربڕاوە
ئەمشەو
گوێم لە قاڕەی مەڕو ماڵاتی
تاڵان کراوی کوردە
جەڵەب جەڵەب
لە گەڵ کچە کورددا
هەرزان فرۆش دەکرێن
ئەمشەو
چاوم لە فڕۆکەی
کۆبراو ئەپاچی یە
لە کۆپتەری دوو پەروانەیە
بەسەر
دیاربەکرو، شرناخ و، وانا
مەرگ دەبارێنێ
چاوم لە بنەو بارگەی هەژارانە

نە من و نە خۆشیان نازانن
بۆ کوێ ڕەو ئەکەن؟
ئەمشەو
چاوم لە نیگای پاک و بێگەردی
قاسملۆیە
دەروێشەکەی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەی
وا ڕێچکەی خوێنە قەتیسماوەکەی
چەشنی خوێنەکەی
"مەنسووری حەللاج»
دەنووسێ " منم حەق "
ئەمشەو
چاوم لە عومەری خاوەرە
کۆرپە تاقانەکەی لە باوەش گرتووە
ئاخ هەناسەم نایەت و
بۆنی " سێو " دەکەم
فڕۆکەکانی بەعس دەبینم
دووکەڵی زەردوو سوور دەکەن
خۆ ئەوە کۆلکە زێڕینە نیە
خەڵکینە، ئەوە میهرەجانی
مەرگە مەرگ

ئەمشەو
چاوم لە هەموو کوردستانە
چوار ئەژدیها دەمیان
تێهەڵژەنیوە
خوێن لە شادەمارەکانی دڵەوە
دەمژن، سەیر نییە، ئەوانە
هەزاران ساڵە بە خوێن گۆشکراون
وا چاوم ڕێشکەو پێشکە دەکات
کەس نابینم، تەنیا
مچە شێت و، ڕفە شێت و،
ئەحە شێتم
لەبەر چاوە
باشە کەی ئەوان شێت بوون؟
نە وەڵا من شێتم
لەمڕۆ بە دواوە...

تیمووری ڕۆژهەڵات
حوزەیرانی ٢٠٠١

## پەشیمـــــانیی

سویندێکم خوارد
هەتا مابـم، چیتر
شیعر نەڵێـم بۆ دڵـداری
بۆ چاوو برۆ و...
تیری غەمزەی کیژی لادێ و..
باڵای بەرزو، شۆخی شــاری
بەڵام ئیستا پەشیمانم ...
چونکە هەرچەند دەکەم خۆم راگرم .
بێهوودەیە و ئاشکرایە کە ناتوانم !

کۆنگۆی دیموکرات
٢٠٠٣

## باڵنــدەو هەڵـەبجەو ئەنفال

خۆزگـــــــــــــــــە
هەردوو باسکــــــــــــم
دەبوون بە بـــــــــاڵ
خۆیشم دەبووم بە باڵنـــــدە
بەڵام کۆچـــــــــــــەر
هـــــــــەر جۆرێک بێت
پەرەسێلکە، یـــاخود لەقلەق
قـــازی قولنگ، یاوەکو " داڵ»
لەم ئۆقیانووس بۆ ئەو کیشوەر
بە ئـــــاسانی هەموو سنوور
ببـــــــــــەزێنم
هەر بە راستی نا بە " خەیاڵ "
تا ئەگەیشتمە ئەو وڵاتەی
ئاوێتە بوو بە کیمیاوی
بە رەشەکوژی ...
ئەنفالی تـــاڵ

بەسەر هەڵەبجەی شە هیدانا
لە کەللەی سەر بقیژێنـــــم
لە کڵێساو و لە مزگەوت و
لەسەر شاخ و گردو
قەدپـــــاڵ
مژدە بدەم بە گەرەک و
یەک بەیەک مـــاڵ
بچمە گڵکـۆی شەهیدان و
بڵێم هەستە کاکە عومەر*
وەرە خـــۆت و کۆرپەی ساوات
لەگەڵ هەموو هەڤاڵانی ژەهر باران
ئەو دێوەزمەی** ژیانی ئێوەو
هەزارانی
بە ناهەق دزی و
خەندەی لێوی منداڵانی
هەموو رفـــان ..
ئەو کەمتیارە بۆگەن خۆرە
ئیستا وەک ســـەگ پەت کـــراوە
ئەو بێئابرووە درندەیە

بووە بە پەن و تەوقی نەفرەت و

شەرمەزاری و

رەشمەی کەری لە سەر نـــــــاوە

کۆنگۆی دیموکرات

٢٠٠٣

* مەبەست لە شەهید عومەری خاوەرە کە بووە بە هێمای کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی شەهید ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن رژێمی گۆربەگۆری بەعسەوە..

** مەبەست لە عەلی کیمیاوی بەدناوو بەدرەوشتە کە بە یەکەم بەرپرسیار ناسراوە لە کیمیبارانی هەڵەبجەی شەهیدا و هەروها کەمپینی ئەنفالە بەدناوەکەش.

# مـن و خـــــــەم

وام ئەزانی من خەم
دەخـــــــۆم
بەڵام دەرکەوت خـــــەم من
دەخـــوات
رۆژێک بۆ سەر گۆرستانی
بە کــۆمەڵ و ..
رۆژێک بۆلای منداڵانی ئەنفال
ئەمبـــات
کە لێم پرسی
بۆ وا دەکـــەی
هەر جارەی بۆلای
کارەساتێک ..
ئەمبـــەی
گوتی من زۆر گەرام
گشت پەرەکانی..
ژینتم هەڵدایەوە !!
چاوم گێـــرا

هەموو .. عومرت کارەساتـــە
گشت پەرێزی !
ئیستاو ئەوسات
بێبەرو ووشک؟
هەر نەهــاتە
رۆژێ ئەنفال
یا کیمیاوی
یا سووتانی دەغڵ و دانە
یاوێرانکردنی؟
دێهــاتـــە
وڵاتێکت هەیە !
سووتماک !
وا دوژمنانی !
چنگیان لێداوە !
بۆ هەرکوێ ئەچم؟ هیچ رێگام نیە
ئەم وڵاتەی تۆ؟
تەلبەند کراوە
ئاخر نازانم
لەم هەموو دەردە
دەرناچێت سەرم

ترووسکاییەک
من بەدی ناکەم
بۆ دەرمانیش بێت
خۆشی تیا نییە
من لە داخی تۆ،
چاکترە راکەم
هەی قوری دونیات
گشت بەسەراکەم

کۆنگۆی دیموکرات
٢٠٠٣

# هۆنراوە بۆ منداڵان



من مندالی کوردستانم
پەروەردەی هەردو کێوانم
باوەڕ پتەو وەک چیایە
خۆشەویستیی کوردی تیایە
سنوورەکان ئەرۆخێنم
چاوی دوژمنان دەردێنم
کە گەورە بووم وەک پێشمەرگە
چەند ئازایە و چەند بەجەرگە
بەو چەکەی دەستم تا ماوم
کوردستان ئەپارێزم وەک چاوم

## ئایا کوردي ئەزانیت؟

منداڵانی کورد زمان
وەرنەوە بۆ لای مامتان
تایبەت ئەوانەی هەندەران
کە دوورن لە کوردستان
لە ناو کوردی ئاوارە
بە ئاشکرا دیارە
دیاردەیەکی خەتەرناک
تەشەنەی کردووە زۆر چاک
منداڵانی ئێمەی کورد
درشت بن یاوەکو وورد
هەرکە لە وڵات دەرچوون
لە گەڵ بیانی تێکەڵ بوون
ئیتر زمانی زگماک
خوشەویستیی گەل و خاک
بە تەواوی بیر ئەچێ
بەلای کوردییا ناچێ
باشە چاوی شیرینم
هەرگیز مەرگت نەبینم

که گەرایتەوە کوردستان
بەسەردان بۆ لای دۆستان
لە گەڵ خزم و کەس و کار
تۆ بە چی ئەکەی گوفتار
ئەوانەی لە کوردستانن!
لە کوردی زیاتر نازانن
تۆ لە زمانیان تێنەگەی
ئیتر چۆن یاری ئەکەی؟
تۆیش خەڵکی کوردستانی
شەرمە کوردی نەزانی
کۆنگۆ ٢٠٠١

## چیا، پـەناگەی کـــوردە

هۆ منداڵانی کورد
وەرن بۆلام دەستوبرد
وەرن خنجیلەکانم
مەتەڵی باش دەزانم
سەرگوزشتەو پەندی چاک
لەسەر نیشتمان و خاک
لەسەر کوردو کوردستان
جێگەی باب و باپیرتان
چونکە نەوەی کوردانی
زۆر شت هەیە بیزانی
کوردستان پـر لە چیایە
شاخی بڵنـدی تیایـە
زۆرینەی وا لە باکـــوور
هەندێ تریش لە باشـــوور
بەشی رۆژهەڵات زۆرە
باسیان دەکەین بە نۆرە

رۆژئاوای ئەم کوردستانە
دەشتاییەکی زۆر جـوانە
بەڵام زۆر چاک بــــــزانە
هەمووی هەر کوردستانـــــە
ئەی سۆمای چاوەکانم
منیش هەمووی نازانم
زۆربەی خاکت چیایە
لە ژماردن هەر نایە
بەڵام باشە بە جوانی
ناوی هەندێک بزانی
ئەوەش بزانن هاورێیان
دەشتایی هەیە کوردستان
وەک دەشتی گەرمیان، هەولێر
پر لە بەرەکەت و خێـــــر
یان جزیرەو شارەزوور
خاوەن مێژوویەکی دوور
ئەوانەی بۆم باس کردی
باش بیزانە بە ووردی
بێینەوە سەر باسەکەمان

ناوی چیاو شاخەکان؟؟
با ناویان بڵێم بە تـۆ
قەندیل، سەگرمەو بـەمۆ
پیرەمەگروون و هەڵگورد
جێگەی شێرانی کورد
سەریان وا لە ئاسمـان ..
چیای هەللاج و دابـان ..
ناوی زیاتر بڵێم بۆت؟؟
حەسەن بەگ و حەسار رۆست ..
لەبیری نەکەی هیچ تـۆ !!
گردەمەندو داڵەهـــۆ ..
گڵەزەردەو هەندرێـــن ..
دوو چیای دوژمن شکێـن؟؟
هەردەم بیهێنە بەرچاو ..
سەفین و کورەکـــاژاو !!
خواکورک و مامە رووتـە ..
دوو داستانن بە جووتە !!
ئیستا نۆرەی ئەوان هات ..
چیای جودی و ئەرارات !!

کێوی بڵندو تەماوی ...
کە دەماوەندە ناوی ..
تــۆ خەڵکی کوردستانی؟؟
دەبێت ناویان بزانـــی ...
منداڵــــــی قشت و وردە !!
چیــا پـەناگــەی کــوردە.

کۆنگۆی دیموکرات -
٢٠٠٣

-کە دەلێین کوردستان : مەبەست لە کوردستانی گەورەیە واتـا هـەر چـوار پارچە داگیـرکراوەکـەی خاکی پیرۆزی کوردستان.



## دەرخۆنـــــــــــــه*

مامە کەڵەشێر دیسان
بانگی کرد لە منداڵان
گوتی هۆ خۆشەویستـــان
وەرنە نزیکی مامتـــــان
پاش ئەوەی جاری پێشوو
ئێمە پێکەوە هەمـــوو
لە یاری و سەیران کردن
مەتەڵێکم بۆ گوتـــن
ئەمجارەش گوێبگرن لێـم
مەتەڵێکتان بۆ ئەڵێـــم !

ئەوە چییـــــە؟؟؟؟؟
(( پـانە وەکو دەرخۆنـــە
پراو پری لە رۆنــــــــە ))
لە چێشتخانەی کوردستان
بەکاری دێنن زۆریـــان
ئەو شتە زۆر نایابـــە
لەززەتی نێو کەبابـــە
کە رژایە سەر پشکـــۆ
ئەو ناوە پر ئەکا لە بـۆ**
زۆر خۆشە تام و بۆنـــی
دەرخۆنەی حلکی*** رۆنــی
ئەگەر راست بوو وەڵامت
وەرگرە خەڵاتی مامـت

کۆنگۆی دیموکرات - ٢٠٠٣

* دەرخۆنە : لە گەچ یان دار بە شێوەیەکی بازنەیی درووست دەکرێت و لە هەندێ ناوچەکانی کوردستان پێی دەگوترێت پنـە تەنیا بۆ پانکردنەوەی هەویر یان بە دەست یاخود بە دار،دارەکەش ناوی تیرۆکە .

** بۆ : بۆن و بەرام ...

*** حلکی : خرە یان شێوەکەی وەک تۆپەڵ وایە ...

## " مــــەل "

مــن مــامــە کــەڵــــــــــەشــێــرم
بـــەیـــانـــیـــان بـــانـــگ ئـــەدێـــرم
مـــنـــداڵانـــی کـــوردســـــــــتـــان
وەرنـــــەوە بـــۆ لای مـــــامـــــتـــــان
هـــەمـــە مـــەتـــەڵـــــــی نـــایـــاب
بـــێ ژمـــارەو بـــێ حـــیـــســـاب
مـــەتـــەڵـــی کــــــــــوردەواریـــی
وەکـــــــــــو دانـــــەی مـــــرواری

ئەوە چییە؟؟؟؟

شـــتـــێـــکـــم هـــەیـــە دوو بـــاڵـــی هـــەیـــە
بـــاڵـــیـــشـــی پـــەڕی هـــیـــچ پـــێـــوە نـــیـــیـــە
لـــەگـــەڵ ئـــەوەشـــدا هـــەروەکـــو مـــەلان
دەفـــرێ بـــەشـــەو بـــۆ تـــاقـــی ئـــاســـمـــان
چـــاویـــشـــی هـــەیـــە، کـــزەو بـــەربـــــادە
لـــە کـــاتـــی فـــریـــن خـــۆی لـــە هـــیـــچ نـــادا
جـــێـــگـــەی ئـــەشـــکـــەوت و کـــەلاوەی کـــۆنـــە
ســـەری وەک مـــشـــکـــەو چـــارەی زۆر مـــۆنـــە

رۆژی رووناکە ئەو کاتی خەوی
لاقی بۆ ئاسمان، سەری بۆ زەوی
کورد بۆ زانینی ئەم دەعبا سەیرە
تاکو بزانێت ناوی ئەم تەیرە
دەڵێن.......
(( ئەگەر ئاقڵی، ئەقڵت وەبیرە
لەناو مەلەکان کامییان وە شیرە؟))
ئەگەر وەڵامی مەتەڵت زانی
بەراستی ئازاو، رۆڵەی کوردانی

٢٠٠٤-١١-١٧
کۆنگۆ دیموکرات

## نە بەرخەو نە کارە "

مـنـدالآنـی کـورد، بـەیـانـیـت بـە خـێـر
دێـتـە خـزمـەتـتـان مـامــە کــەڵـەشـێـر
بـریـارم داوە تـاکــــو بـتـوانــــم
هـەر مـەتـەڵ بڵـێـم خـنـجـیـلـەکـــانـم
مـەتـەڵـێـکـی وا شـتـێـکـت فـێـرکـــات
مـێـشـک بـکـاتـەوەو بـیـریـشـت تـیـژکـات
مـەتـەڵـەکـانـیـش گـشــــت کـەلـەپـوورە
مـێـژوویـان کـۆنـەو، زەمـەنـیـان دوورە
بـۆ ئـەوەی کـلـتـوور، بـمـێـنـێ و نـەمـرێ
بـاشـتـرە هـەمـووی کـە تـۆمـــار بـکـرێ
پـاشـمـاوەی بـاب و هـــــی بـاپـیـرانـە
قـسـەی نـەسـتـەقـەو گـەلـێ جـــوانـە
ئەوە چییە؟؟؟
(( ژێـری بـەرخـەو بـانـی کـــــارە
کـلـکـی مـەقـەس سـەری مـــــارە ))
بـاڵـنـدەیـەکـە زۆر خـنـجـیـلـەو جـــوان
زۆر بـە تـوانـایـە فـریـن بـۆ ئـاسـمـان

به فڕین دەبڕێ چەندین وڵاتان
مژدەی بەهارە، دێتە کوردستان
باڵندەیەکی زۆر بێ زیانە
خۆشەویستی گەورەو هی منداڵانە
باب و باپیران هەم کوردی زانا
بۆ دۆزینەوەی مەتەڵیان دانا
ئەی منداڵی ئەم گەلە
ناوی چییە ئەم مەلە
ئەگەر زانیت وەکو شێر
خەبەر بدە کەڵەشێر
ئەگەر وەڵامی مەتەڵت زانی
بەڕاستیی ئازاو ڕۆڵەی کوردانی

١٧-١١-٢٠٠٤
کۆنگۆ دیموکرات

## شەش پاو دوو ســــــم:

ئـەم کـاتـەتـان شـاد ئـەی خـنـجـیـلـەکـان
مـامـە کـەڵـەشـێـر مـیـوانـە دیـســــــان
رەوشـــتـــی جـــوانـــە لـــە کـــوردەواریـــی
هـــاتـــوچـــۆی یـــەکـــتـــر بـــە مـــیـــوانـــداریـــی
ســـەخـــاوەتـــی کـــــــــــورد رادە بـــەدەرە
خـــزمـــەتـــی مـــیـــوان چـــایـــی و شـــەو چـــەرە
مـــن چـــایـــی خـــۆر نـــیـــم خـــۆشـــەویـــســـتـــانـــم
دانـــەوێـــڵـــەیـــە رۆحــــــــــــــــــــی رەوانـــم
ئـــێـــوە زیـــرەکـــن رۆڵـــەی کـــوردســــــــتـــان
گـــوێـــبـــگـــرن هـــەمـــوو لـــە مـــەتـــەڵ مـــامـــتـــان

ئەوە چییە؟؟؟؟

(( ئـەو شـتـە چـیـیـە ئـەرێ گـشـت کـەسـم
باڵێکی هەیە بە شەش پاو دوو سم؟؟؟))
بـــە زۆریـــی هـــەیـــە لای دووکـــانـــداران
کـەمـتـر بـەکـاردێـت ئـێـسـتـا لـە جـاران
بـەقـاڵ و دەسـتـگـێـر هـای ئـەکـەن بـۆ تـۆ
سـەربـەسـەر گـەنـم، یـەک و دوو بـە جـۆ*؟

چـــاوەڕێ ئـــەکـــات مـــامـــە کـــەڵـــەشـــێـــر
وەڵام بـــزانـــیـــت ئـــازانـــە وەک شـــێـــر
ئـــەگـــەر وەڵامـــی مـــەتـــەڵـــت زانـــــــــــی
بـــەراســـتـــی ئـــازاو، ڕۆڵـــەی کـــوردانـــی

کۆنگۆی دیموکرات
٢٠٠٤

های کردن: جاران لە دێهاتەکانی کوردستان بەقاڵ (دەستگێڕ) هەبوو کە هەندێک شت و مەکی دەخستە سەر پشتی گوێدرێژێک یان هێسترێک و دێ بە دێ ئەسوورایەوە شتی ئەفرۆشت، بەهەمان دەستوور هەبوو لە جییاتی وردەواڵە، مێوەهات یاخود سەوزەی دەفرۆشت، چونکە لەو زەمانەدا پارە کەم بوو لە جییاتی پارە بە گەنم و جۆش ئەیانفرۆشت ... بۆیە بەقاڵەکە بۆ ئەوەی شتەکەی بفرۆشێت ئەچووە سەربانی ماڵەکەو تا هێزی هەبوو هاواری ئەکرد بۆ نموونە ( های هەنجیر، های تەماتە ) سەربەسەر بەگەنم و یەک و دوو بە جۆ... ئیتر بەگوێرەی ئەو شتەی کە بۆفرۆشتنی هاتبوو..

## مام کەڵەشێر

ڕۆژێ مام کەڵەشێر
دانەوێڵەی خواردبوو تێر
هەردوو باڵی لێک ئەدا
ئەیقوقان خێرا خێرا
ئەیگوت وەرن منداڵان
با بچینە گەشت و سەیران
لەوی ئەپرسم لێتان
مەتەڵی خۆش و جوان
بزانم کێ لە ناوتانا
ژیرەو زرنگ و زانا
مام کەڵەشێر و منداڵان
خۆیان ڕێکخست بۆ سەیران
هەرکەسێ خۆراکی خۆی
هەڵگرت و هەڵسا ڕۆیی
چونە دەشتێکی قەشەنگ
پڕ بوو لە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ

پاش یاری و هەڕاکردن
دانیشتن بۆ نان خواردن
کە نانیان خوارد تێر تێر
گوتیانە مام کەڵەشێر
نان و یاری تەواو بوو
وا هاتینە لای توو
ئەی کەڵەشێری زانا
نۆرەی مەتەڵەکانە
کەڵەشێر کە ئەمەی زانی
خۆی گیڤ کردەوە قوقانی
وتی مندالانی دڵپاک
دە گوێم لێبگرن زۆرچاک
من مەتەڵم زۆر زۆرە
بۆتان ئەڵێم بە نۆرە
ڕوەکێکی زۆر جوانە
پڕاوپڕ کوردستانە
دەڕویَ لە شاخ و لە کێو
تامی خۆشترە لە سێو
ئەوە چیە؟

مزرە هەروەکو هەنار
سەوزە ڕەنگی وەک خەیار
بەرزە باڵای وەک چنار
ئەگەر بکەوێتە بەر چاو
پڕ دەمت ئەبێ لە ئاو
هەرکەسێک ناوی زانی
بە خێرایی و بە جوانی
بنووسە بۆ کورد نامە
خەڵاتەکەی لەلامە
تیمووری خۆرهەڵات

٢٠٠١



## کوردستان

ک و ر د س ت ا ن

کـەڵـە پـیـاوە، شـێـرە ژنـە، مـەردی مـەیـدانـە کـورد

وێنەی هەڵۆی سەر لووتکەیە، کەوی کۆسارانە کورد

ڕووی لە هەر نەبەردێ بکات، هەروەکو زریانە کورد

دەست و دڵ پاک و بێ خەوشە، پاک وەکو بارانە کورد

سەربەرزو مەردو سەنگینە، پەروەردەی شاخانە کورد

تاکو بڵێی میهرەبانە بۆ دۆست و یار، ڕۆڵەی بابانە کورد

ئاسۆ ڕوونە کاروانەکەت با نەوەستێ، ڕۆژی شادانە کورد

نەکەی چیتر دابنیشی دەستەو ئەژنۆ، وا کاتی هەستانە کورد

ئەو کۆپلە شیعرەی سەرەوە هەر دێڕێکی بە پیتی وشەی پیرۆزی کوردستان دەست پێدەکات کەپیتەکانی ک و ر د س ت ا ن

کۆنگۆی دیموکرات ٢٠٠٤

## لە خـۆرایی دڵـم شـــادە

لە خۆرایی دڵم شادە
کەللەم گەرمەو فول سەرخۆشم
بێ هیچ مەی و وێسکی و بادە
بەبێ دەهۆڵ بەبێ زورنا
هەڵدەپەڕیم بێ مۆسیقا ئەچریکێنم
لەناو کۆڵان، لەسەر جادە
لە خۆرایی دڵم شادە
بێ جل و بەرگ رووت و قووتم
بە پێی خاوس بەو سەرمایە
سەمام ئەکرد، خەڵکی گوتیان
نەورۆز نییە، هەقم چییە !!
دڵم خۆشەو لای من وایە
بەفرەو باران، شەختە بەندە
رێگەم مەگرن، دونیا ساردە
با سووریی دەم،
لاچۆ لەوێ؟ دەخۆت لادە؟
گوتیان کابرا ئەوە شێت بویی؟
نەوەڵاهی !
لە خۆرایی دڵم شادە!!

سەمام ئەکرد لەیەک ناکاو
شتێ شکا، ترپەیک هات
ئێشێکی سەخت، تەزوویەکێش
بە پشتما هات؟؟
لەبەر ئێشی دەست و قاچم
لەخەوەکەم خەبەر هاتم
راپەریم و خەوم رەوی
خۆم دیتەوە لەسەر زەوی
خۆ ئەمزانیی لەوەتەی هەم
من و خۆشی قەت دۆست نەبووین
زۆریش رقمان لە یەکترە
هەروەک دوژمن
بەخەو نەبێت خۆشیی هەرگیز
نایەتە لای من

کۆنگۆی دیموکرات ٢٠٠٤


* هەر بەڕاستیی ئەو بەزمەی سەرەوە خەو بوو، شەوێکیان زۆر ماندوو بووم و لەسەر پێخەفەکەم راکشام و خەوم لێکەوت و ئەو خەوە سەیرەم بینی... لە گەرمەی سەما کردنا بووم کە لەسەر تەختەی نووستنەکەم بەربوومە و لە ئازاری دەست و لاقم بەخەبەر هاتم، بووە هۆی نووسینی ئەو شیعرە گاڵتە ئامێزە...

## " بۆ نووسەری (لێک دابران) پێشکەشە "

کاکە گیان، تۆ دەپرسیت
کوورەی حەزو ..
تاسەی دەروونی ..
دوورە وڵات دەبێ چۆن بێت
بۆ نیشتمان؟
منیش دەڵێم
هەناسەی ساردو
ژووری ساردو
دڵی ساردو
هەموو شت سارد
بۆ بینینی کوردستان
خەمی ئێمە ئەزەلییە
لە گەڵ حەزو ئارەزوودا
رۆژ لە دوای رۆژ خەمەکانمان
دەبێتە هەور، دبێتە " بـا "
گەورە دەبن و سەرئەکەون
بۆ ئاسمان و بۆ گەردوون و
بۆلای " خوا "

ئێمە تا بناگوێمان
غەرقی خەم و غەریبی یە
هەر ساتێکمان بە چەند ساڵە
ریشەو رەگمان هەڵکێشراوە
بۆیە رەنگ و روومان
وەکو خەڵکی نییە " سوورو سپی
بەڵکو سیسە، زەردێکی کاڵە
نە کۆری یاران هەیە
نە شیعرو نە گۆرانی
نە شەو چەرەی دۆست و یاران
کوورەی دڵمان
ساردو سرە
لێوان لێوی
لە حەسرەت و
لە مەینەت و
لە کەساسی و
لە خەم پرە

کۆنگۆی دیموکرات ٢٠٠٦



من و شێخ فاتح بەرزنجی شاعیر

لەگەڵ کاک شێخ فاتح بەرزنجی زۆر جار شیعرمان بۆ یەکتر ناردوە و ڕازو نیازی دەردو نەهامەتیەکانی کوردستانمان بۆ یەک باسکردوە و ناخی خۆمان بۆ یەکتر والآکردوە و ئەم هۆنراوانەی خوارەوە نموونەی ئەو نامە بە شیعر گۆڕینەوەیە پێکەوە.

کاک فاتح دەڵێت؛

ئەم پارچە هۆنراوەیەم لە کۆچی دوایی دایە یاسەمین نووسیوە ناردم بۆ برای بەڕێزو خۆشەویستم کاک فخرالدین

گەرمیانی بەهۆی کۆچی دوایـی دایکی کـاک فەخرەدین چونکە دایەیاسەمەن بەتەنها دایکی کاک فخرالدین و خوشکە ئازیزو بەڕێزەکانی نەبوو، بەڵکو دایکی خەڵکێکی بێ ژمارە بوو بە تایبە ت هەژار لە ماڵی ئەوا بەڕێز بوو، ماڵو دڵە گەورەکەی ئە وجێگای ئارامی ئە وانە بوو کە لە هیچ لا جێگایان نەبوو، لە قادرکەرەم دراوسێ بووین، من وکاک فخرالدین لە تەمەنێکاین، پێکەوە گەورە بووین، وەک لەیەک ماڵ یان ئەو لای من بوو یان من لای ئەو، هەرچی یادگاری منالّی من هەیە وەک دایکی خۆم تاتی یاسەی تیایە، بیرم نایە بۆیەکجاریش وەک چرا ڕووەجوان و گە شەکەی دانە گیرسابێ، سەلام لە گیانی پاکی ئینشەڵا جێگای بەهەشتە.

## دایە یاسەمەن

سەلام هۆ برا کاکە ی گەرمیانی
شەیدای خاکو ئاو سرووشتو جوانی
پەڕەی ناسکی شیعری باسەکان
دەروونناسەکەی وە جەور کاسەکان
پەرتوکخانەکەی یادگاری یاران
پەیکەرتاشەکەی بای وەشت و باران
نیگارکێشەکەی تروسکەی بەیان
نێرگسجاڕەکەی هەردەکەی گەرمیان
بابەت وانەکەی دنیای دەروێشان
چرای شەوانی دڵەی پەرێشان
دەنگە خۆشەکەی شمشاڵەکەی شوان
فەرهادی هەردەو قەیسی بیابان
هەواڵ کۆچەکەی دایە شان ئاوەرد
تیر جودایی خوناو جەرگم کەرد
پیرۆز بە خاک بێ دایە یاسەمین
گوڵاوپەرژێن بێ سەراپا زەمین
خوایە شادیکەی بە دنیای باوان
باوەی پیاوچاک و خەلیفەی زەمان

مامە خەلیفە برای باوانم
تیشکی دانەبڕاو لە خەیاڵانم
هۆ خواناسەکەی ئاگر نەیسوتان
لە سەفەرەکەی کاروانی شێران
لە گەڵ یارانت بە هێزی ئیمان
زەردی مەشخەڵتان بۆ سەوز وەرگەڕان
دایە یاسەمەن وا هات لە ڕێیە
مانووی ڕۆژانی دوای ئێوەو دێیە
دایەی ڕۆژانی ئەنفال و ستەم
شەمی سووتاوی خەڵوەت خانەی غەم
یاخوا بە دنیاو دیدارتان شاد بێ
بەهەشتی بەرین فریشتەی زیاد بێ

٢٠٠٨/١٢/١٩ سویسرا

*********

ماوەیەکی زۆرە لەو کاتەی کە لە قادرکەرەم بوین من و کاک شێخ فاتح بەرزنجی سەودای شیعرنووسینمان هەبوو بەڵام کاک فاتح بیگومان لە من زۆر لە پێشترە و شیعرەکانی زۆر لەوانەی من ناسکترو دڵگیرترە، کاک فاتح شیعرەکانی وەک خۆی هەستیارو بێگەردە و وەک پەڕەی گوڵ بۆنخۆش و بەتامن، بەڵام زۆرجار رێکەکەوتوە من شیعرەکانی کاک فاتح لەگەل شیعرەکانی خۆما تێهەلکێش ئەکەم بەهەمان شێوەی دارشتنەکەی کاک فاتح وەلامی شیعرەکانی ئەدەمەوە ئەم شیعرەی خوارەوەش لە هەفتەی رابوردو کاک فاتح لە پەیجەکەی خۆی بڵاوی کردەوە وا منیش بە یادی جارانی قادرکەرەم بە وەڵام شیعرەکەم تێهەلکێش کردوە واتا یەکەم دێری شیعرەکە هی کاک فاتح ەو دووەم دێری شیعری منە و تا دوایی پارچە شیعرەکە بە هیوای رەزامەندیی هەمولایەکتان و سوپاس

## ئاوا بوون

هەر ئەوەنەی تۆ ئاوا بووی دەورو پشتم تاریک داهات
بە داخەوە مانگی رووی تۆ تاکو ئەم ساتەش هەڵنەهات
هەورو بارانی ئاسمان و ڕەهێڵەی ناخی بێ سابات
تـۆ ئـەو سـێـبـەرەی تـا مـاوم دڵـم بـە دواتـا راکـات
ئالآنە یەکترا لە جێی تیشکی ئەستێرەکەی لەیلات
گـەر تـۆ تـۆزیـک مـنـت بـوێ بـڕوا بـکـە مـن سـە د قـات
خانەکانی خۆشی سەرم وەک تاریکستانی لێ هات
ڕۆژی هـە زار کـەرەت گـیـانـە، ئـەبـمـە قـوربـانـی بـالات
لــە دابــڕانــەوە دڵــم مــاڵــی خــەونــەکــانــی شــێــوا
نـەیـئـەزانـی رووی تـۆیـە لـە پـێـش چـاوی دێـت و دەروا
هەر بە دواتا ڕۆژی وا بوو نیوەی ئاسمانی ئەپێوا
ئاخر بۆیە نەیتوانی بزانێت ئەمە فریشتەیە یا خێوە
لە هەوریش بەربوایەتەوە بۆ ساتێ ماڵی نە ئەکرا
دەستەمۆ کردنی مەحالە دولبەرم، هەول مەدە برا
هەر کە هۆشی ئەهاتەوە شێت ئەبوو ئەیدایە کێوا
رومەتی یارم گولنارە و لەسەر سینەکەی دوو سێوە
دوێـنـێ کـاتـێ بـیـنـیـتـێـوە وەکـو ڕەنـگـت گـەشـایـەوە

چــەنــدە لــێــی پــارامــەوە ســاتــێــک لــە لام نــەمــایــەوە
ئاڵ ببوو وەک گۆنات هێندە بەسەر گڕیا خولایەوە
وەک پەپولە پەرم سوتا لە گەل ژانی دلا ئەتلایەوە
خــەوی خــۆشــی هــاتــبــۆ دی ڵــەری ئــەویــن گــەڕایــەوە
سەیرکە تەنیا نیگایەک بوو هەروەکو مۆم توایەوە
کەچی هاتی ئەوت بردو بێ هەواڵ سەرتان نایەوە
ئــێــســتــاش هــەر چــاوەروانــم دەلــێــم بــەلــکــو گــەرایــەوە

## من پێشمەرگەم

من پێشمەرگەم،
وەک بەفری سەر قەندیلم
ناتوێمەوە
من خونچەیەکی گوڵەباخم
بە پەنجەی پێشمەرگە نەبێت
ناکرێمەوە
من پێشمەرگەم، من قەندیلم، هەورامانم،
من هەڵگوردم، من چوارپارچەی کوردستانم
لەبەر هێرشی دوژمناندا وەک پۆڵا وام
ناکشێمەوە
من مەشخەڵی ڕێیی ئازادیم
من بڵێسەم
دڕ بە شەوەزەنگ ئەدەم
من پێشمەرگەم
تینوی روباری ئازادیم،
کیمیاو ئەنفال بەزێنم
کە تورەبم وەکو زریان

شەپۆلم دوژمن شکێنە
سروەی ساردی کوێستانەکان
گەرمی هەناسەی ئەو گەرمێنە
چاک دەمناسن وا دێمەوە
من پێشمەرگەی کوردستانم
سروودی ئەی رەقیب
لەسەر بەرزترین شاخ دەڵێمەوە
من پێشمەرگەم

١٧-٠٩-٢٠١٤ ئوستراليا



## قادرکەرەم

ئـــەی قـــادرکـــەرەم مـایـەی ژیـانـی مـن
بـەنـەکـی دڵ و هـەمـوو گـیـانـی مـن
قـوربـانـی خـاک و خـۆڵ و بـەردت بـم
قـوربـان رۆخـانـەو دەشـت و هـەردت بـم
مـن شـەیـدای قـومـێـک ئـاوی ڕۆخـانـەم
بـۆ هـەردەی گـەرمـیـان شـێـت و دێـوانـەم
بـۆنـی خـاک و خـۆڵ، بـارانـی پـایـز
سـەیـرانـی بـەهـار دیـداری ئـازیـز
شـوێـنـەوارەکـەی هـەوارگـەی دڵان
ئـارامـگـای ژیـانـم بـۆ ڕۆژو شـەوان
ئـێـسـتـاش بـیـنـیـنـت کـوولـەکـەی ڕوحـە
دیـارە پـێـتـەوە جـێـی پـەنـجـەی بـاوان
هـێـنـدە تـامـەزرۆی دیـدارێـکـی تـۆم
لـە بـری هـەنـاسـە مـن هـەر خـەم ئـەخـۆم

ئوستراليا ٣١ /٢٠١٨/١٢

## ئەی وەتەن

قــوربــانــی دۆڵ و هــەردەو خــاکــت بــم
قــوربــان ڕۆخــانــەو خــەڵــکی چــاکــت بــم
خــەم و خــەفــەت و دووریــی لــە وەتــەن
ســەریــان لــێســەنــدووم بــیــمــاره بــەدەن
ئــەی قــادرکــەرەم ڕوحــی ڕەوانــم
بــڵــێــســەی دڵ و نــووری چــاوانــم
ئــاوی ڕۆخــانــه خــوێــنــبــەری دڵان
تــاجــه گــوڵــیــنــەی ســەرتــۆپــی گــوڵان
ڕەوڕەوەی گــەنــجــی و کــاتــی مــنــاڵــیــم
سەرچاوەی خۆشیی و شیرینی و تاڵیم
تــامــەزرۆی یــەکــجــار دیــدارێــکــی تــۆم
بــەرلــەوەی لــە ژیــان دابــڕێــم بــڕۆم

ئوستراليا ٢٠٢٠/١٢/١٣

## فەخە شێت

ئای خۆزگە ئێستا لە گەڵ ئازیزان
لەسەر کانیەک لە دەشتی گەرمیان
دانیشم بە دیار کەتریەک چایی ڕەش
لە گەڵ دوو گەنجی گەرمیانی چاو گەش
پیاڵەیەک چایی دەمەو ئێوارە
لەگەڵ گۆرانی و سەدای قەتارا
قومێک ئاوی سارد کانی تاوسانە
کاڵەکێک شیرین چەمی ڕۆخانە
بە کامی دڵ و پڕ بە چاوانم
ببینم دەشت و هەردەی گەرمیانم
ئاخ بۆ دووزەلەی حەمە شوانەکەم
بۆ کۆڕی شەوان گەنجە جوانەکەم
بە جەستە لێرەم بە ڕوح لاتانم
فەخە شێتەکەی دەشتی گەرمیانم

ئوستراليا ٢٠٢٢/١١/٥



## بۆتۆی دێنم زارا گیان

لە نێرگسەجاڕی کوێستانەکانی کوردستانەوە
چەپکێ نێرگز
لە ڕووبارە سازگارەکانی کوردستانەوە
گۆزەیەک ئاو
لە هەردەکانی گەرمیانەوە
چەپکێک گولیلکە پایزەی گەرمیان
لە ژوورە تاریکەکانی بەندیخانەکانی داگیرکەرانەوە
مۆمێک و چرایەک
لە قوتابخانەکانی کوردستانەوە
پێنووسێک و پارچە کاخەزێک
لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانەوە

هەورییەک و جەمەدانییەک
لە تاقانەی ئەنفالەکانەوە
نامەیەک
لە ماڵە هەژارێکی کوردستانەوە
لەتە نانێک
ئەوانە هەمووی دیاری منە
جوان هەڵیاندەگرم لە ناخی دڵا
بۆ بەندیخانەکەی شارەکەی سنە

ئوسترالیا
٢٠٢٢/١/١٠

## بۆ خاتوو زارای کوردستان

زارا، زارە چەپکێ گڕە
لە ئازادیی و ورە پڕە
بە وانەی کوردی زارای شیرین
ئاخوندەی پوتی هێنایە لەرزین
باوکە ڕۆیانە و حاڵیان زۆر شڕە
زارا، زارە زمانی گوڵە
چەندە ئازیزەو بەنەکی دڵە

ئوستراليا
٢٠٢٢/١/٩

## من و ئێوە

هەردەم چاو لە ڕێی ئێوەو ڕۆخانە
نە ڕۆژم ڕۆژەو نە شەو شەوانە
هەناسەم سوارەو نووزەم دەرنایە
ژینێ گەر وابێت کەی ئەوە ژیانە
گەر بۆم بکرایە بگێڕمەوە زەمەن
بۆ یەک قومێ ئاو کانیەکەی وەتەن
هەموو وڵاتی ڕووی ئەم زەمینە
ئەکەمە قوربان بستێکی وەتەن

ئوستراليا ٢٠٢٣

## دڵدارەکەم

من پێشمەرگەم   تویێشەی سەفەرم کەرتێ نانە
دڵدارەکەم تفەنگێکە        لەسەر دڵمایە شەوانە
ڕازو نیازمان سەرکەوتنی گەلێکی بەشخوراوە
وڵاتێکی ئازادە و ناوی کۆماری کوردستانە

ئوستراليا ٢٠٢٣

نە زەعیفەم نە کەم دینم
کچە شەڕڤانێکی عەفرینم
نە لە تورک و نە لە عارەب
دەترسم
مشتێ خاکی ئەم وڵاتە
دەرمانی هەموو برینم

ئوسترالیا ٢٠٢٣

## کچە گەرمیانی

نازدارە شۆخ و شەنگە
تیرەندازە پڕ خەدەنگە
ئەو کچە گەرمیانیە
ئاسکی دەشتە و مامزی کێوی
سەیرکە باڵاو کوڵمی سێوی
ئەو کچە گەرمیانیە
باڵا نەمام لێوی ئاڵە
ناوقەد باریک وەک شمشاڵە
لەرزانەیە و لیمۆی کاڵە
ئەو کچە گەرمیانیە

ئەو شیعرە زۆر لەوە زیاترە بە داخەوە لێم ونبوەو هەر ئەوەنە م لە یاد ماوە ساڵی ٢٠٠٠ لەتیمووری خۆرهەڵات نووسراوە

## دایکم وتی

دایکم وتی کە منداڵ بووی
لایە لایەم بۆ دەکردی
لە جیاتی ئەوەی بە هێمنی
لە لانکدا بێدەنگ بنووی
پێچەوانەی منداڵان
دەبویتە بەحرێ لە گریان
دایکم وتی بێ ئەندازە
تۆ بێزار بووی لە قومات و
لە شەتەکدانی دەسترازە
بە لایە لایەو گورگانە شەوێ
کە هیوام وا بوو خەوت لێکەوێ
بە پێچەوانەی هەموو منداڵان
دەتکردە زیڕەو هاوارە گریان
سەرم سوڕ دەما کە بۆچی وایە؟
ئازاری هەیە ، یا خەوی نایە؟
دەبێ من چیبکەم تاکو بسرەوێ
بە ئاسوودەیی خەوی لێکەوێ

ناچار لە لانک دەرتبهێنم
لە باوەشتکەم تا بتخەوێنم
دایە گەورە بووم ئەوساکە زانیم
کە من کوردم و من کوردستانیم
زرەی زنجیرە مۆسیقام ئاهی ئەنفالە گۆرانیم
یەکێک مۆسیقای زرەی زنجیر بێت
ئاهی ئەنفال و کوردی لەبیر بێت
ئەتەوێ بە لایە لایەو بالۆرەی شەوێ
کۆرپە لە لانک خەوێ لێکەوێ؟

تیمووری خۆرهەڵات - ٢٠٠٠

## سێبەری خەم

دەمێکە تامەزرۆی ئەو لێوانەم
تاسوخی دڵم بشکێنم
زەمانێکە خەو لە پێڵوی چاوەکانم تۆراوە
مێردەزمەی خەم لەسەر سینەم ڕاکشاوە
کەی دەریای بەزەییت
شنە بایەکی لێوە هەڵدەکات
کەمێک تەنووری دەروونم سارد کاتەوە؟
ئای کە من و خەم چەندێ ئالوودەی یەکین!
خەم سێبەرەو هەرچەند دەکەم لێم نابێتەوە
ئەمجارە من دەبم بە سێبەرو
دوای خەم دەکەوم ...

تیمووری خۆرهەڵات
٢٠٠١

## سوپاس و پێزانین:

● پڕ بە دڵ سوپاسی بەڕێز (دکتۆر مستەفا زەنگنە) ئەکەم بۆ پێداچوونەوەی شیعرەکان وڕاستکردنەوەی هەندێ وشە نموونەی زۆربێت ئەو هاوڕێ دڵسۆزە و هیوای تەمەنێکی درێژی بۆدەخوازم.

● زۆر سوپاس بۆ برای بەڕێزو هاوڕێی تاراوگەم مامۆستا (محەمەد پشدەری) بۆ دیزاینی بەرگ و یارمەتی بێپایانی بۆ بەچاپگەیاندنی دیوانەکە بە یارمەتی و هاندانی ئەو نەبوایە ئەم پەرتووکە ڕوناکیی نەدەبینی.

● زۆر سوپاسی (خوێنەران) دەکەم بۆ خوێندنەوەو کات بەخشینیان هیوادارم بە دڵیان بووبێت.

## کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر:

–فەخرەدین گەرمیانی لە ساڵی ١٩٥٣ لە قادرکەرەم لە دایک بووە

–خوێندنی بنەڕەتی لە قوتابخانەی قادرکەرەمی سەرەتایی تەواو کردوە

–خوێندنی ئامادەیی لە کەرکووک و پاشان پەیمانگەی تەل و بێتەلی لە بەغداد تەواو کردوەو پاشان بڕوانامەی ماستەری لە پێوەندییە نێو دەوڵەتیەکان بەدەستهێناوە.

–دیوانێکی هۆنراوەی ساڵی ١٩٩٨ بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی ژریژەی شەپۆلەکانی ڕۆخانە

–لە ساڵی ١٩٧٩ دەستی بە نووسین کردووە و بابەتی هەمەجۆری لە وتارو هۆنراوە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان و ماڵپەڕەکان بڵاوکردۆتەوە.

–لە ساڵی ١٩٩١ پاش کۆڕەوەکەوە دەستی بەکارکردن کردوە لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و لە زۆر وڵاتانی دەرەوە کاریکردوە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ پاشان لە ساڵی ٢٠١٥ خانەنشین کراوە و ئێستا لە وڵاتی ئوسترالیا دەژیت.

–فەخرەدین گەرمیانی خێزاندارەو پێنج کوڕو دوو کچی هەیە بە ناوەکانی ) ئارام، هەردی، دیار،ئاری، هێدی و هەتاو و شایان.